Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090302

# هۆكارەكانی خیانەتی سیاسی لای كورد

پشكۆ حمە تاهیر عبد الرحمن

یادگار محمد أحمد

بەشی مێژوو // كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان// زانكۆی سلێمانی.

سلێمانی

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

خیانةت – میرنشین - ڕاپەرینةكانی كورد - عةقلَی خێلَ – ناكۆكی ناوخۆی .

*Corresponding Author*

Yadgar.mhamad87@gmail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە هۆكارەكانی ئەنجامدانی خیانەت بكۆڵێتەوە لە ناو گەلی كورد دا ، هەروەها كاریگەری خیانەتەكان لەسەر ڕاپەڕینەكانی كورد ڕوون بكاتەوە.

گرنگی هەڵبژاردنی بابابەت: لێكۆڵینەوە لە بارەی ( هۆكارەكانی خیانەت لای كورد ) دا وەك بابەتێكی مێژوویی گرنگ و پڕبایەخە لە ڕووی كۆمەڵایەتی و سیاسی و سەرجەم ڕووەكانی ترەوە، چونكە ئاشنامان دەكات بە دیوە ناشیرینەكەی جوڵانەوەی كورد.

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەت: هەڵبژاردنی بابەتێك بە ناونیشانی (هۆكارەكانی خیانەت لای كورد)، لەو ڕوانگەیەوە دێت كە تائێستا جگە لە چەند وتارێكی نوسراوی لاوەكی لای كورد لە دەروەوەش هیچ لێكۆڵینەوەیەكی زانستی و هەمەلایەن لەوبارەیەوە ئەنجام نەدراوە، هەرچەندە نوسەرانی كورد و بێگانەش بەشێوەیەكی گشتی لەناو لێكۆڵینەوەكانیاندا باسیان لێوە كردوە، بەڵام بەشێوەیەكی تایبەتی كاریان لەسەر نەكردوە، هەربۆیە لێكۆڵینەوەیەكی لەم جۆرە ئاشنامان دەكات بە ئەو فاكتەرانەی پاڵی بە كوردەوە ناوە بۆ خیانەت كردن.

پێشەکی:

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانە و ڕەخنەییە دەربارەی ئەو فاکتەرانەی وایان لە کورد کردوە پەنا بباتە بەر خیانەت، هەروەها ئەو زیانانەی بەر ڕاپەڕینەکانی کورد کەوتوون بەهۆی خیانەتەکانەوە بخاتە ڕوو.

میتۆدی لێکۆڵینەوە:. لەم لێکۆڵینەوەدا پەنامان بردوەتەبەر بەکارهێنانی چەندین میتۆدی جیاواز بۆ گەشتن بە ئەنجام و شیکاری بابەتەکە، بەڵام زۆرجار هەوڵدراوە لە نوسینی ئەم توێژینەوەکەدا پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی شیکاری و ڕەخنەی ببەسترێت، ئەمەش بە تێرامان و وردبوونەوە لەسەرچاوە مێژووەکانی تایبەت بەبابەتەکە.

گرفتی تویژینەوە: نوسین دەربارەی خیانەت گرفتی خۆی هەیە بەتایبەت بەهۆی ئەوەی تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی وورد و زانستی لەو بارەیەوە نەکراوە، چونکە زۆربەی نوسەرانی کورد بە سۆزداریەوە مێژووی کوردیان نوسیوەتەوە، یان نەیان ویستوە خۆیان لە قەرەی بابەتەکە بدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باسی بابەتەکەیان کردوە، بەڵام تاڕادەیەکی باش توانراوە بەسەر گرفتەکاندا زاڵببین .

سەرچاوەی توێژینەوە: لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە بەبەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی گرنگی وەك( محمد رسول هاوار: کورد و کوردستان لەسەرەتای مێژووە تا شەڕی دووەمی جیهانی، محمد فریق حسن: مێنەتەلێتی خێڵ، د. کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، مارتین ڤان برۆنەسین: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، لازاریف: مێژووی کوردستان، محمد ئەمین زەکی بەگ: خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە و تاد ...).

ناوەڕۆکی توێژینەوە: توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پوختە و پێشەکی و هۆکارەکانی ئەنجامدانی خیانەت لای کورد، کە پێنج تەوەر لە خۆدەگرێت کە بەم شێوەیە داڕێژراوە( لە تەوەری یەکەم باس لە ناهۆشیاری سیاسەکانی کورد کراوە، تەوەری دووەم باس لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی و کاریگەری مێنتەلێتی خێل کراوە ، لە تەوەری سێهەمدا باس لە کاریگەری ئاین و هەستی ئاینی کورد کراوە، لەتەوەری چوارەمدا باس لە کاریگەری نەبوونی دەوڵەت و ئاراستەکردنی مێژووی کورد کراوە لە لایەن داگیر کەرانەوە، لە تەوەری پێنجەمدا باس لە نەخۆشی و گرفتی دەرونی کراوە لە سەر تاکی کوردی وەك هۆکارێکی تری خیانەت کردن )، هەروەها لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

هۆکارەکانی ئەنجامدانی خیانەت لای کورد.

زۆرکات سەرکردەکانی کورد لە ڕابردودا پەنایان بردوەتە بەر خیانەت بۆ بەدیهێنانی خەونە تایبەتەکانیان دیارە ئەمیش بە هۆی ناهوشیاری سەرکردەکانەوە بووە، هەرچەندە مەیلی دەسەلاَتخوازی و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەسەلاَت، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە پاڵی بە چەندین دەسەلاَتدار و میر و دەرەبەگ و سەرۆك عەشرەتی کوردەوە ناوە خیانەت بکەن. بە تایبەت لە مێژووی نوێدا، لە بارودۆخێکدا کە سیستەمی سیاسی کورد لە میرنشینی و ستراکتۆری کۆمەلاَیەتی بالاَدەستی خێڵ و دەرەبەگ بووە، وەرگرتنی دەسەلاَت پشتاوپشت بووە. زۆرجار کە میر و دەسەلاَتدارێك بەو پێیەی کە ئەندامی بەتەمەن گەورەی بنەماڵەکەی بووە و دەسەلاَتی وەرگرتووە لە لایەن براکانی و ئامۆزاکانیەوە ململانێی کراوە و چەندین ڕێگەیان گرتوەتە بەر بۆ وەرگرتنی دەسەلاَت کە یەکێك لەو ڕێگایانە پەنابردن بووە بۆ خیانەت و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ هێزە نەیارەکانیان.دیارە چەندین هۆکارمان هەیە کە وای کردوە دیاردەی خیانەت لەناو میلەتی کورد دا سەرهەڵبدات و تائێستاش بەردەوام بێت، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدرێت لە تەواوی ئەو هۆکارانە بکۆڵرێتەوە کە پاڵی بە تاکی کوردەوە ناوە بۆ ئەنجامدانی خیانەت بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆی و پاشان بە نمونە هێنانەوە پشتڕاستی بۆ چونەکان دەکرێت لەوانەش:.

تەوەری یەکەم: مەیلی دەسەلاَتخوازی و ناهوشیاری سەرکردەکانی کورد.

سەرکردایەتی کردن وەك یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێك ڕۆڵێ گرنگی هەیە، بەواتایەکی تر بوونی سەرکردەیەکی بەهێز ڕێڕەوی شۆڕش و پەرچەکردارەکانیشی دەگۆڕێت، چونکە ئەوە سەرکردەیە بڕیار دەدات و ڕێڕەوەکان

**دیاری دەکات، نەك شەڕکەرەکان، وەك دەوترێت سەرکردەیەکی هۆشیار زۆر گرنگترە لە سوپایەکی بەهێز[1]. هەروەك (فارابی) گەورە فەیلەسوفی ئیسلام لە بارەی ڕۆڵی سەرکردەوە گوتویەتی، ئەوە ڕاستیەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە هەمیشە سەرکردەکان دەوری داینەمۆ و دڵی کۆمەڵگە دەبینن، هەرکاتێك سەرکردەکان دەستیان کرد بە بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان و وازیان لە بەرژەوەندی خەڵکانی ژێر دەسەڵاتیان هێنا، ئەوا کۆمەڵگەش بەرەو هەڵدێر و داڕوخان دەڕوات، بە پێچەوانەشەوە سەرکردەی خاوەن فەزیلەت وهۆشیار کۆمەڵگەکەی بەرەو بەختەوەری و سەرکەوتن دەبات[2].**

**ناکۆکی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ یەکتری مەترسیدارترین خاڵی دواکەوتنی کوردە، هەمیشە دوژمنانی کورد سودیان لەم خاڵە وەرگرتووە، کە کوردیان دژی یەکتری هانداوە و بەمەش خوێنێکی زۆریان لە نیوان خۆیاندا ڕژاندوە، ئەمە بەدرێژای مێژووی کورد بوونی هەیە کە بەرۆژی ڕەش و خۆکوژی نێوی دەبرێت[3]. ئەم هەڵوێستەی سەرکردە و میرانی کورد وا لە گەریدەیەکی ئەڵمانی وەك نیبۆر کردوە بنوسێت: زۆربەی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد لەبەرئەوەی زۆر حەزیان لە سەرۆکیە، بۆیە هەمیشە لەناو خۆیاندا ناکۆکن و لە کێشە و هەرادان و بێ ناوبڕ خەریکی پێشبڕکێی یەکترن[4] .ئەوە هەڵەیەکی دیاری کورد بووە، کە هیچیان بەسەرکردایەتی کوردێکی تر قایل نەبووە و نابێ و ئامادە بووە لە پێناو ئەو کەلە ڕەقی و بۆچونەی خۆیدا نەك هەر سەروماڵی خۆی، بەڵکو سەروماڵی هەموو کورد و نیشتمانیشی پێشێل بکات و بیخاتە مەترسیەوە[5]. تەنانەت میرە کوردەکان لەبەر پاراستنی تەخت و تەلاری خۆیان ئاسۆی بیریان لەسنوری ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان تێ نەپەڕیوە و هیچ کات بیریان لەوە نەکردوەتەوە کورد لە ژێر یەکدەسەڵاتی و چەقی کوردستانیدا کۆبکەنەوە، بەڵکو هەمیشە لەناو میرنشینەکانی خۆیاندا بۆ دەسەڵات جەنگیوون، زۆربەیان بێ ئاگابوون لە جیهانی دەرەوە[6].**

**ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆی خودی کورد خۆیان ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە لە شکست پێ هێنانی هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆی، چونکە سەرانی کورد بەدرێژای مێژوو یەك هەڵوێست و یەك گوتار نەبوون،[7] هەروەها خیانەتی ئەندامانی بنەماڵەیەکی ناو میرنشینەکان خۆیان وەك کوڕ و برا وئامۆزا ومام هۆکارێکی سەرەکی ڕوخانیان بووە لەپاڵ ناکۆکی بنەماڵەی میری میرنشینەکانیتر[8]. (محمد ڕەسوڵ هاوار) لەم بارەیەوە دەڵێت:" یەکێك لە دەردە کوشندەکانی ناو کورد ئەوەیە کە هیچ سەرکردەیەکی بە دەسەڵاتدارێتی کەسێکی تر قایل نابێت، لە پێناو سودی گشتیدا سەر بۆ یەکتری دانانەوێنن، لە پێناو گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی خۆیان ئەوەیان لاباشتر بووە ببن بە هاوکاری بێگانەیەك، لە دژی سەرکردەیەکی ناو میلەتەکەی خۆی"[9].**

**لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورددا، نمونە گەلێکی زۆر هەن کە بەهۆی دووبەرەکی نێوان سەرۆك هۆز و میرنشینەکانەوە ڕاپەڕینەکان سەرکەوتوو نەبوون[10].( کلاودیس جەیمس ریچ) ی گەڕیدەی ئینگلیزی باس لە قسەی کەسێکی لە کورد دەکات**

---

[1]– بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد و دەوڵەت(هۆکارەکانی دروستە نەبوونی دەوڵەتی کوردی)، سلێمانی ،٢٠١١ ، ل٨١–٨٢ .

[2]– مەریوان وریا قانع: فکرودنیا، بگ٢،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٧–٢٨ .

[3]– سەعید مەموزینی: ساسەت گەمەیەکی بەردەوام، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، ل٢٠٦ .

[4]– بێ ناوی نوسەر :کوردوکوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە، و. شوکر مستەفا، چاپخانەی ئاراز، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٠ .

[5]–محمد ڕەسوڵ هاوار: کوردوباکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووە تاشەڕی دووەمی جیهانی، بگ١، سلێمانی، چاپخانەی خاك، ٢٠٠٠،ل٣٣٦.

[6]– ژێرارچالیاند، کەندال نەزان، عبدالرحمن قاسملۆ، عصمت شریف وانلی، مستەفا نازدار، ئارچی ڕۆزفێڵت، کامران قەرەداغی، ئەلیزا مارکۆس، پیرفریلیمك:گەلێکی پەژمورد ونیشتمانێکی پەرت، و. م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨ ، ل٨١ .

[7]–دڵپاك جبار مەلا علی : هۆکارەکانی دروست نە بوونی دەوڵەتی کوردی، چاپخانەی کمال،، ب ش چ، ٢٠١٢ ، ل١٢٠–١٢١.

[8]–ئارام علی سعید: دۆزی کوردلە نێوان بیری نەتەوەی و ئاینیدا، پرۆژەی تیشك، ٢٠٠٩، ل١٧٣.

[9]– س پ، ل٢٧٠.

[10]– بەرزان ئەحمەد کوردە: س پ، ل٧٤ .

سەبارەت بە ناکۆکی نێو میرەکانی بابان، ریچ لە زاری ئەو کوردەوە گێڕاویەتیەوە کە گوتوێتی" ڕقەبەرایەتی ناو میرەکانمان یەکتری لەناو دەبەن، ئەگینا نە تورك و نە ئێرانی ناتوانن بەسەرماندا زاڵ بن، ئەگەر دووبەرەکی وناکۆکی ناو بنەماڵەی سەرۆکەکانمان نەقۆزنەوە، ئێمە ئەمە باش دەزانین، کەتورك فێڵ بەکاردێنن تابەسەرماندا زاڵبن، بەڵام ئێمەی کورد درەنگ لەمە تێدەگەین "[11]. لێرەدا ڕیچ زۆر بە ئاشکرا باسی ئەو ناهوشیارە سیاسیە دەکات کە سەرکردە کوردەکان هەیانە و ناتوانن پەند لە هەڵەی پێشینانیان وەربگرن، بۆیە ئەم سەرکردانە مایەی ماڵوێرانی کورد بوون لەو سەردەمەدا.تەنانەت ئەگەر سەیری مێژووی زۆر کۆنی کورد بکەین، هۆکاری سەرەکی ڕوخانی دەوڵەتی ماد لە (٥٥٠پ ز) خیانەتی کۆرشی کچەزا و هاوخوێنی ئەستیاگ بوو، کە دەستی تێکەڵ کرد لەگەڵ هارپاکی سەرکردەی سوپای ماد[12]. تموحی هارپاك بۆ دەسەڵات وا دەکات پەنا بباتە بەر ناپاکی ڕۆڵ سەرەکی ببینێت لە ڕوخانی دەوڵەتەکەدا[13]، ئەگەر تەماشای میرنشینە کوردیەکانی سەدەی نۆزدە و پێشتریشدا بکرێت دەبینرێت لەگەڵ یەکتریدا لە شەڕ ودوژمنایەتیدا بوون و زۆر جاریش بۆ شەڕی یەکتری داوای یارمەتیان لە سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران کردوە[14].

(شەرەفخانی بەدلیسی) باسی هاوکاری کورد دەکات بۆ سوڵتانی عوسمانی دژی کوردە هاوخوێنەکانیان، هەرکاتێك ئەو کەسە نەیتوانی ڕاوی نەیارانی خاوەنەکەی بکات ئەوا خۆیشی بەدەستی خاوەنەکەی لەناو دەبرێت، دیارە لێرەدا شەرەفخان بۆ میر حەسەنی داسنی ئیزدی نوسیوە کەچۆن بووەتە هەمەکارەی سوڵتان سلێمانی قانونی(١٥٢٠-١٥٦٦) و داوێتی بە گژ میرانی سۆراندا، بەڵام سەرەنجام خۆیشی لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە کوژراوە. بۆیە شەرەفخانی بەدلیسی لەم شیعرەدا دەڵێت:

کەسێ هاوکاری زۆرداران بوو پیشەی دەسی زۆردار بە بیوردای لە ڕیشەی

کە تاژی ڕاوی پێنەکراو شەکەت بوو لەلای ڕاوکەر لە ژێر دارا سەکەت بوو

کەوێك هاوخوێنی خۆی بێنێتە سەر داو نە دورە خێوی خۆی لێنێ بۆ شۆرباو[15].

لەلایەکی دیکەوە کاری میرەکانی بابان بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی( ١٧٤٧ – ١٧٨٤ )باشترین بەڵگەی ئەم راستییەبێت، لەدوای مردنی خالید پاشا پێنج کوری لەدوای خۆی بەجێهێشت کە هەریەك لە (سلێمان، ئەحمەد، محمد، محمود، عومەر) بوون، ئەم برایانە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات ٣٧ ساڵ ململانێیان لەگەڵ یەکتری کردو چەندین جەنگ و پەلامار و ڕووبەڕووبونەوە لەنێوانیاندا ڕوویدا، ئەمە جگە لە دەستوەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و پشتیوانی یەکێك لەم برایانە دژی براکانی تریان، براکان دانیان بەدەسەڵاتی یەکتری نەدەنا و خۆیان بە شایستە و شیاوی دەسەڵات دەزانی و سڵیان لە بەکارهێنانی هێز و پەنابردن بۆ هەریەك لەو دوو دەوڵەتە نەدەکردەوە و خیانەتیان لە براکانیان دەکرد.دواجار ئەمە بووە نەریتێك کە میرەکانی تری ئەم میرنشینە لە ساڵانی دواتردا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و لێخستنی براکانیان لەسەر کورسی دەسەڵات پەنا بۆ ئەو دوو دەوڵەتە ببەن و خیانەت لە یەکتری بکەن[16]. یەکێکی تر لە خیانەتەکانی مێژووی نوێی کورد، خیانەتی( یەزدان شێر)ی سەرکردەی سەربازی میرنشینی بۆتانە، کە لە ساڵی(١٨٤٧) ئامادە بوو بچێتە پاڵ سوپای عوسمانی دژ بە بەدرخان پاشای میری بۆتان، ئەمەش لە پێناو وەرگرتنی

---

[11]- گەشتنامەی ڕیچ بۆ کووردستان ١٨٢٠، و. محمد حمە باقی، بگ١، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل١١١-١١٢ .

[12]-د. عەبدوڵا دارتاش : مێژوی بنەچەی کورد، هەولێر،٢٠١٧ ، ل٢١٨ .

[13]- د. ئەحمەد مەحمود خەلیل: مەملەکەتی ماد، و. حمە سعید کەلاری، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٧٧ .

[14]- د. عبدارحمن قاسملۆ: کوردستان و کورد، و. عبدلاّ حسن زادە، چاپخانەی کتێبی ئەرزان، سوید، ١٩٧٣، ل٤١.

[15]- شەرەفنامە، و. هەوژار موکریانی، چ٣، دەزگای چاپ و بلاّو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٤٢ .

[16]- نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین مێژووی سیاسی(میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا) ،کتێبی سێیەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیە للعلوم-ناشرون، لبنان، ٢٠١٤، ل ٨٧- ١٠٧ .

پێگەی میرنشینەکە، بەڵام تورکەکان هەرکە کاریان پێی نەما لە دەسەڵات دوریان خستەوە[17]. جگە لە یەزدان شێر دوو میری تری کورد کە بەهۆی پێدانی پلە و پێگەی تایبەتیەوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە فریودران، کە ئەوانیش فەتاح بەگی گارزان و شێر بەگی شیرڤان، ئەم دوانە لە هەردوو جولانەوەی بەدرخان بەگ و یەزدان شێردا(١٨٥٤) یاوەری دەوڵەت بوون[18]. هەر لە ڕاپەڕینی بەدرخاندا، یەکەم کار کە (عوسمان پاشا)ی سەرکردەی سەربازی کردی کڕینی شەریف بەگی قایمقامی موش بوو، شەریف بەگ و براکانی فریودران لە لایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەکارهێنران دژی میری بۆتان[19]. هەروەها ئەو خیانەتەی کە ئیسماعیل حەقی پاشا والی دیار بەکر لە ساڵی (١٨٦٨-١٨٧٥) کردی دژ بە گەلەکەی ، ناوبراو زۆر بە خراپی کەوتە سەرکوتکردنی ئەو خێڵە کوردانەی کە دژایەتی دەوڵەتی عوسمانیان دەکرد لە کوردستاندا، دەوڵەتی عوسمانی لەپای ئەو خزمەتەی خەلاتی زۆریان کرد.[20] هەر لەم بارەیەوە ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧) شاعیری مەزنی کورد باسی دیاردەی خۆخۆری کورد دەکات و بە سەرچاوەی ماڵوێرانی میلەتی کوردی دەبینێت و باس لەوە دەکات ئەگەر ئێمەش پشتیوانی یەکترمان بکردایە نەدەبوینە ژێردەستەی میلەتانی تورك و فارس و عارەب و بەڵکو دەبوینە خاوەنی دەوڵەت و دین، خۆمان ڕێکدەخست دەکەوتینە دوای زانست[21]. خانی لە مەم و زیندا دەڵێت:

"گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەك ڤیکرا بکرا مە ئینقیادەك

ڕۆم و عارەب و عەجەم تەمامی هەمەیان ژ مەرا دکر خولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت تەسهیل دکر مە عیلم و حیکمەت[22].

به دوریش نازانرێتکە هەڵڕشتنی ئەم دەردە دڵەی خانی، ڕەنگدانەوەی دەرد و ئازاری پەنگ خواردوی چەندین سەدەی کورد بێت، هەرچەندە زۆربەی کورد لەو ئارەزوو تامەزرۆیەدا هاودەنگی خانین، وەلێ ئاواتی خانی هیچ کات کوردی یەك نەخستوە، قەت سەرۆك هۆزە قەستەسەر و مێملەکانی یەکدی لە هاوکاری و هاریکاری دوژمنی دەرەکی نەگێڕاوەتەوە، بۆ یەکێتی و یەککەوتن لە دژی دوژمنی سەرەکی نەیبزواندون[23].

تەنانەت هەندێك لە میرەکانی کورد هۆی کەمسەری نەتەوایەتی وای لێکردون ئەسڵ و نەسەبی خۆیان بگەڕێننەوە بۆ سەر بنەماڵەکی ئالوبەیت و شەجەرەیەکی ساختە بۆخۆیان دروست بکەن، بەبێ ئەوەی ئەم شەجەرە ساختەیە هیچ سودێکیان پێبگەیەنێت لای دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەڵام بۆخۆ فەرزکردن بەسەر کورد دا سودیان لێ بینیوە[24]. ئەمە نیشانمان ئەدا زۆرێك لە میرەکانی کورد لایان شان کورتی بووە، کە بنەچەیان بگەڕێننەوە سەر نەتەوەی کورد،ن ەك هەر ئەمە بگرە میرەکانی کورد زۆرێکیان ئەوەی لایان گرنگ نەبووبێت کێشەی کورد بووە هەروەك سینان هاکان لە کتێبی کورد و بەرخۆدانەکانیدا ئاماژە بۆ ئەم حاڵەتەی هەندێ لە میرەکانی کورد کردوە، کە هەندێك لە میرەکانی کورد حاشایان لە کورد بوونی ڕەچەڵەکی خۆیان کردووە، بۆیە خۆیان گەڕاندوەتەوە سەر بنەماڵەیەکی عەرەبی کۆن، بۆنمونە نورولاَ بەگی میری هەکاری لەونامەی بۆ سوڵتانی نوسیوە ئەوەی بەکفر زانیوە وەك میرەکانی تر سەیری بنەچەی ئەو بکرێت، چونکە ئەو لە نەوەکانی عەباسیە و ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردوەتەوە کە ئەو هەرگیز

[17] – محمد ڕەسوڵ هاوار:کوردوباکوری کوردستان، بگ١، س پ، ل٢٩٦.

[18] –سینان هاکان: کورد و بەرخوردانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا(١٨١٧-١٨٦٧)، و. بەکر شوانی، چا حاجی هاشم هەولێر. ٢٠١٢، ل ٣٠٣ .

[19] – هەمان سەرچاوە:،ل٢١١ .

[20] – د.یاسین سەردەشتی: میر عوسمان پاشا بەدرخان(دوو تەقەلا لەپێناو ژیانەوەی میرنشینی بۆتان و دامەزراندنی دەوڵەتی دەستوری سەربەخۆی کوردستان)، سلێمانی،٢٠٢٠، ل٦-٧ .

[21] –د. عەبدولای ئاوریشمی: عەبدولاَ ئۆج ئالان و مەسەلەی کورد لەخۆرهەلاتی ناوین، و..سیدۆ داود علی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٢ .

[22] – مارتین ڤان برنەسن : ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی، بگ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٥٨.

[23] –هەمان سەرچاوە ، ل٢٥٩ .

[24] – محمد فەریق حسن: مێنتەلێتی خێڵ ، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٦ .

بەرخوردانی دژی دەوڵەت نەکردوە[٢٥].ئەمە سەربارى ئەوەی زۆرێك لە میرەكانی زۆر بە زەلیلی خۆیان پیشانی بێگانە داوە.

ئەم گیانی خۆ بەکەمزانینەی سەرکردەکانی کورد وای کردوە هەمیشە لە بەرامبەر بێگانە خۆیان بچوك بکەنەوە، بەڵام بەرامبەر کوردە هاوخوێنەکەی وەك شێری نەڕ وابن و مل بۆ یەکتری نەدەن و هەمیشە لە ناکۆکیدا بن، ئەم گرێ دەرونیە وایکردوە سەرکردەکانی کورد سەنگ و قورساییيان بەرامبەر بێگانە کەم بێت، بۆ نمونە سەیری ئەو نامە بکەین کە محمود پاشای بابان بۆ سوڵتان محمودی دووەمی عوسمانی (١٨٠٨-١٨٣٩) ناردوە بە هۆی دانانەوەی بەمیری بابان ئەم سیفاتە دەبینین کە میری بابان، نۆ جار خۆی دەکاتە نۆکەر و دووجار کۆیلە و چوار جار بەندە ودووجار غولامی سوڵتان، بەڵام ئەمە لەکاتێکدا ئەم میرانەی کورد ئامادە نابن مل بۆ کوردێکی تر کەچ بکەن و بەڵکو هەموو شتێك بەرەوا بۆ خۆیان دەبینن[٢٦]. بێ دەوڵەتی و ژێردەستەیی درێژخایەنی دەسەلاتی بێگانە، لە فەرهەنگی تاکی کورد و سەرکردەکانیدا رۆڵی گرنگی هەبووە، سەرانی کورد لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە خاوەن ماف دابنێن و داکۆکی لە خواستەکانی گەلەکەیان بکەن زۆرکات هەوڵیانداوە لە رێگەی پارانەوە و لالانەوەوە هەستی بەزەی پێداهاتنەوەوە بەرامبەرەکەیان ببزوێنن، ئاشکرایە ئەم جۆرە سیاسەتە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت .

(محمد رەسوڵ هاوار) لەم بارەیەوە دەڵێت"سەرچاوە شارەزاکان زۆر بە ووردی لەو ڕاستیەیان کۆڵیوەتەوە و چوونەتە بنجوبناوانی، هۆی ئەو نەخۆشیەی وەکو ژێرپەنجە کە لە دێر زەمانەوە لە کورد کاریگەر بووە و نەتوانراوە ئەو دەمارە بمرێنرێت کەوای لە کورد کردوە، کەسیان بەسەرکردایەتی کوردێکە تر قایل نەبێت و ئامادەبێت لەژێر سایەی بێگانەدا بێت، نەك لەژێر دەسەلاتی برایەکی کوردی خۆی، ئەگەر جاروبار هەل و دەرفەت بۆ سەرکردەیەکی لێهاتووی کورد ڕەخسابێت، زۆری پێنەچووە گەرای میکرۆبی ڕق وکین و خۆ بەزل زانی کارێکی وای کردوە لە ناسکترین کاتی مێژوویدا، بەهۆی خۆفرۆش و خیانەتەوە ئەو هەل و دەرفەتەش لە کیس چووە، وەکو لە ئەنجامی هەموو راپەڕینەکانی کورد دا ئەم ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا بووە".[٢٧] (ئەحمەد محمود خلیل) لە بارەی کوردەوە دەڵێت" لەبەر رۆشنای خوێندنەوەکانم و بەپێی شارەزایم لە ئەمڕۆدا بۆم دەرکەوتووە، بە درێژای مێژووی کۆن و نوێ کەسایەتیە کوردەکان لە هەڵسوکەوتیاندا نەیان توانیوە وەك پێویست سەوداو مامەڵە بکەن، بۆ برێکیان ڕەنگە زاراوەی( بێگانە پەرست و کاسەلێس) پڕ بەپێستیان بێت، من بەش بەحاڵی خۆم لەناو گەلانی ڕۆژئاوای ئاسیادا گەلێکم نەناسیوە پیاوەکانی ئەوەندەی پیاوی کورد بە دڵسۆزیەکی بێ وێنەوە خزمەتی بەرژەوەندی گەلانی بێگانەی کردبێت و لە بێگانە پەرستیدا زیانی زۆری بە نەتەوەکەی خۆی گەیاندبێت، بۆیە ئەم دیاردە سەیر و نامۆیە لەناو کورددا شایەنی لەسەر وەستان و شیکردنەوەیە!!" [٢٨].

لەناو گەلی کورد دا ئەو کەسانەی لە پێناو مەبەستێکی تایبەتی خۆیان خیانەتیان کردووە بەکەم تەماشا کراون بۆ نمونە، کاتێك کە دەوڵەتی عوسمانی (حافز پاشا)ی نارد بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان لە کوردستانی باکور ساڵی١٨٣٧، ناوبراو کەوتە گیانی کوردەکان بەتایبەت لە ناوچەی ئارگاخ لەکاناری گردی ئەلەجە ئاغا و چوار هەزاری لەو کوردانە دیلکرد کە ملکەچی نەدەبوون، پاشان بڕیاری گواستنەوەیان درا بۆ ئایەلەتی مەلاتیە، لەوکاتەدا هەندێك لە کوردەکان بوونە داردەستی سوپای تورك، بەڵام کوردە دیلەکان زۆر بە سوکی سەیری ئەو کوردانەیان دەکرد کە خیانەتیان کردوە و لایان داوەتە لای سوپای عوسمانی، یەکێك لە سەرکردە دیلەکان لەلایەن حافز پاشاوە پلەو پۆست و بەڵێنی زۆری پێدرا تا ببێتە هاوکاری سوپای تورك و تەنانەت بەڵێنی پلەی کۆلۆنێلی پێدا، بەڵام سەرکردە کوردەکە کە لاوێکی گەنج بوو گوتی (( نابمە سەرۆکی خەڵکی تر، ئەگەر ببمە سەرۆکی یەکێك لە هێزەکانت ئەوە بۆ ئەوەیە چەکەکەت دژی خۆت بەکاربهێنم، خوا ئاگادارە حەزناکەم و نامەوێت ببم بەخۆفرۆش ئەوەش باش بزانە قەت دان بەوەدا نانێم تۆ دەتەوێت، بلێم چی نەگبەتی منی خستوەتە بەردەستی تۆ، ئیتر چیت لەدەست

---

[٢٥]- سینان هاکان : س پ : ل٢٧٦ -٢٧٧ .

[٢٦]- محمد حمە باقی: میرنشینی ئەردەلان و بابان و سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا(١٧٩٩-١٨٤٧) ، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧١-٧٢ .

[٢٧]- کوردوباکوری کوردستان: بگ١، س پ، ل١٩٨ -١٩٩ .

[٢٨]-س پ ، ل١٧٦.

دێت تەقسیری مەکە)) حافز پاشا ئەم کوردەی زۆر بەخراپی فەلاقە کرد،بەڵام ئەو ئازایانە لە بەردەم لێداندا خۆی ڕاگرت چەند پرسیاری لێدەکرا لەلایەن قازیەکەوە ئەو وەڵامی نەدەدایەوە، قازیەکەیش گوتی دەبێت توندترین سزا بدرێت[٢٩]، سەرداره کوردەکەش لەوەڵامدا گوتی سزا لەوە توندتر نیە کوردێکی خۆفرۆش لەبەردەممدا وەستا بێت، دیارە ئەم توانجەی مەبەستی لەو کوردە خۆفرۆشە بوو کە ڕوی تێکرد بوو لەوێدا وەستا بوو، کوردە خۆفرۆشەکەیش لە دوای ئەم توانجە دەمانچەکەی دەرهێنا یەکسەر و کوردە (قارەمانەکەی) کوشت. ئەم سەرکردە کوردە بکوژە بە لێدان و بە پلەو پۆستیش ئامادەنە بوو خیانەت لە گەلەکەی خۆی بکات[٣٠]. ئەم ڕووداوە مێژوو نوس و سەفیرێکی فەرەنسی وەك (پوژولا) کە خۆی هاتوەتە دەوڵەتی عوسمانی لەکاتی ئەم لەشکر کێشیانەدا لە ساڵی (١٨٣٧) چووەتە ئۆردوی حافزپاشای سەرلەشکری عوسمانی و کوردستان، پشتڕاستی دەکاتەوە، بەڵام ئەو دەڵێت ئەم کوردە خیانەت کارە کە لە لایەن کوردە قارەمانەکەوە کە توانجی لێدراوە نەکوژراوە بەڵکو سوپای عوسمانی لە ناو مەنجەڵێکی ئاوی گەرمدا کوشتویانە، بەڵام کوردە خیانەت کارەکەیش دوای توانجەکە بە دەمانچەکەی خۆی، لە شەرمی خیانەتەکەی خۆیدا خۆی کوشتوە، پوژولا لە وەسفی ئەم گەنجەدا دەڵێت "سەربازانی یۆنان و ڕۆمانی کۆنیش نەیان توانیوە هێندە خۆڕاگر و پاڵەوانان و نیشتمان پەروەر بن وەك ئەم گەنجە کوردە کە تەنانەت جیهانیش ناوی نازانێت"[٣١] .ئەم سەردارە کوردە مردنی بەلاوە باشتر بوو تاوەکو خیانەت کردن، لە ڕاستیدا کەمن ئەو سەرکردە کوردانەی کە ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیان هەبێت، چونکە زۆرێك لە سەرکردە کوردەکان لەکاتی تەنگانەدا خێرا تەسلیمی دوژمن بوون .

**تەوەری دووەم/ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێنتەڵێتی خێڵ :**

هەژمونی عەقڵیەتی خێڵەکی بەسەر تاکی کوردا هۆکارێك بووە بۆ زۆرێك لە ڕووداوەکان کە بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووە، دەسەڵاتدار و میرەکانی کورد زۆربەی کات وەك سەرۆکی خێڵێك بیریان کردوەتەوە و ئیدارەی خەڵکیان کردوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیان توانیووە ئەو عەقڵیەتە جێبهێڵن، سەرکردەکانی کورد هەمیشە وەك دەرەبەگێك یان سەرۆك خێڵێك، تەنها ئەو خاکەیان بەهی خۆیان زانیوە کە کەوتوەتە سنوری خۆیانەوە، ئەو خاکەی کەوتووەتە سنوری میرنشین یان خێڵی دراوسێیەوە بەهی دوژمن یان بە خاکی خۆی وەك کورد نەزانیووە، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی بەو پێیەی کە کۆمەڵگەیەك بووە سیما و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەنگدانەوەی مینتەڵێتی خێڵ و هۆز و نەریتی خێڵەکیانە بووە، کۆمەڵگەی کوردی دابراو نەبووە لە بوونی چەندین ناکۆکی کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕوبونەوە و جەنگی نێوان خێڵەکان، کە ریشەی مێژووییان هەیە و هۆکارەکانی ناکۆکییەکانیان فرە ڕەهەندن هەر لە ناکۆکی لەسەر باڵادەستی خێڵێك و سەکوتکردنی خێڵێکی دیکەوە تا هێرشکردنە سەر یەکتری و داگیرکردنی ناوچەی جوگرافی و گوند و لەوەرگای یەکتری و تۆڵەسەندنەوەی خوێن و چەندین ئاریشەی دیکە، وادەردەکەوێت سەرچاوەی بەشێکی گەورەی نەهامەتیەکانی کورد بە درێژای مێژوو کە بەسەریدا هاتووە بە ئاوەزی خێڵ بزانرێت، هەربۆیە پێویستە باسی سیفاتی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بکرێت و بزانرێت چۆن هۆکارێك بووە بۆ خیانەت و چەندین خیانەت ئاماژە پێ بکرێت کە لە ژێر کاریگەری ئاوەزی خێڵدا ڕوویانداوە.

مێژووی کورد لە ڕابردودا بەشێوەیەکی گشتی مێژووی خێڵە، بەجۆرێك فەزای سیاسی فەرهەنگی کورد تەنیا پرۆژەی عەقڵی خێڵ بووە و ڕایەڵەکانی خێڵایەتی وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە هەموو لایەکی کۆمەڵگەی کوردیان تەنیوەتەوە[٣٢] .

کاتێك سەیری ڕابردوی کورد دەکرێت ئەوا سیستەمی میرنشینی تاکە مۆدیلی حوکمڕانی کورد بووە، بەڵام میرنشینی دەسەڵاتێکی ناوچەی تەنگەبەر بووە، کە ستروکتورێکی

[٢٩]– د. جەلیلی جەلیلی : کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، و. د. کاوس قەفتان ، بغداد ، ١٩٨٧ ، ل١٩٣–١٩٤ .

[٣٠]–محمد ڕەسول هاوار: کوردوباکوری کوردستان، بگ١، س پ، ل٢٠٩ .

[٣١]– ژان باتیستان فرانسوا پوژولا: گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، و د. نەجاتی عەبدوڵا، چاپخخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٨–٧٠ .

[٣٢]– د. نەجاتی عەبدوڵا:کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنساو بەریتانیادا١٨٧٩–١٩٦٣، بگ١، هەولێر، ٢٠١٨، ل٤٨ .

کۆمەڵایەتی و کلتوری و خێڵەکی هەبووە و پێش هەر شتێك لە ئەنجامی بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندیەوە و لەسەر بنەمای سیستەمی خێڵایەتی یان پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و وەلائی عەشیرەتی هاوبەش دروست بوون[٣٣] .دیارە سیستەمی فەرمانڕەوای لە میرشینەکاندا بەمیرات لەباوکەوە بەجێ ماوە بۆ کوڕ و براکانی واتە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ میراتگرە نێرینەکانی[٣٤] .ئەوەش وایکروە سیاسەتی کوردی بۆماوەیەکی درێژخایەن بەو سادەیە پێناسە بکرێت کە سروشتێکی دەسەڵاتگەرای خێڵەکی هەبووە، ئەو باوەڕەی کە چەند سەرۆکێکی خێڵەکی بەهێزی خاوەن نفوز بە تەواوەتی بەسەر دیمەنی سیاسەتی نێوخۆیدا زاڵبوون و ئەمەش زیاتر لە هەرکات مەسەلەیەکی چەسپاوە و ڕەنگدانەوەی دیدێکی نەریتی خێڵگەراییە[٣٥] . هەروەها کۆمەڵگەی کوردی نەریتی یەکێك لە سیما کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکانی لەسەدەی نۆزدەدا بریتی بوو لە دابەشبوون بەسەر عەشیرەتەکاندا یان کۆنفیدراڵیەتی عەشیرەتەکان، هەرئەمەش وایکرد بوو ئینتیما بوون بۆ عەشیرەتێك لای کورد بەهایەکی بنەڕەتی هەبووبێت[٣٦] .

خێڵەکانی کورد یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بوون بە گشتی بە مەڵبەندێکەوە بەسترا بوونەوە لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابوریان پێکەهێناوە لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك و خزمایەتی ڕاستەقینە، خێڵ لە چەند کەرتێکی لە خێڵ بچوکتر پێکدێت و ئەوانیش لەچەند یەکەیەکی بچوکتری وەك تیرە و تایەفە ..هتد .[٣٧]خێڵەکان لە کۆندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی بوون و هەستی بەجۆشی دەمارگیری بۆ خێڵ تاکەکانی خێڵی پێکەوە گرێداوە، هەر ئەم دەمارگیریەش بۆیان بووەتە سەرچاوەی هێز و توانای مانەوە و بەرگری پێ بەخشیوون، خێڵەکان لە کۆمەڵە کەسانێك پێکهاتوون، کە پەیوەندی خوێن واتە خزمایەتی لەگەڵ یەکتردا کۆی کردونەتەوە و بەردەوام بەهۆی هاوسەرگیری لەناو خۆیاندا خزمایەتیەکەیان تۆخ کردەوەتەوە[٣٨] .لە ڕاستیدا میرنشینە کوردیەکانی سەردەمی عوسمانی و میرەکانیان کەسانی عەشایەر بوون بەر لە هەموو شتێکی تر وەلائیان بۆ ئاین و عەشیرەت هەبووە ، ئەم میرنشینانە بەچەند هۆکارێك لەناوچوون کە لەسەرو هەموویانەوە هۆکاری ڕکابەری گیانی خێڵەکی بوون و هاوکاری دەرەکی، هۆکارێکی بنەڕەتی لەناوچونی زۆربەیان بوون[٣٩] . مێژووی خێڵ بەشی شێری مێژووی کوردی پێکهێناوە و خێڵایەتیش بەناو مێژووەکەیدا ڕۆچووە! ئەمەش وای لە کوردناسێکی وەك (ویگرام) کردوە کوردستان بە وڵاتی خێڵەکان بداتە قەڵە م[٤٠] .هەرچەندە کۆمەڵی کوردەواری هەموویان خێڵەکی نەبوون، بەڵام ناخێڵەکیەکانیش لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە پابەندی کوردە ئەقڵ خێڵەکیەکان بوون[٤١] .

یەکێك لەو هۆکارانەی بووتە هۆی دروستبونی ناکۆکی لە نێوان کوردەکاندا، لایەنی کۆمەڵایەتی کورد و پابەندبوونی تاکی کوردە بە خێڵ و عەشیرەتەوە و ئینتیما نەبونیان بووە بۆ نەتەوە، ئەوەش بووتە هۆی دەمارگیری و عەشیرەتگەری، هیچ عەشیرەتێك بە ڕەوای نەزانیووە کەسێکی تر لەدەرەوەی عەشیرەتەکەی خۆی ببێتە سەرۆکی، ئەگەر تێبینی ڕاپەڕینەکانی کورد بکرێت ئەمە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت. چونکە زۆربەی جوڵانەوەکانی کورد لە لایەن سەرۆك عەشیرەتێکەوە کراوە و هێزەکەشی لە ئەندامانی عەشیرەتەکەی خۆیەوە وەرگیراوە، کەواتە تاکی کورد پەیوەست بووە بە عەشیرەت و خێڵەکەی خۆیەوە، بۆیە باری دواکەوتوی کۆمەڵایەتی کوردستان هۆکارێك بووە بۆ یەکنەگرتنی

[٣٣]– د. ڕەفیق سابیر: کوولتور و ناسیۆنالیزم، چاپخانەی تیشك، چ٣،سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥١ .

[٣٤]– د. سعد بەشیر ئەسکەندەر:سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستان،و. جەوهەر کرمانج،چ٢،سلێمانی،٢٠٠٩،ل١٢٨.

[٣٥]– سۆفیا ئیزابێلا وانچ: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و. د یاسین سەردەشتی ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٥٥

[٣٦]– م. س لازاریف: مێژووی کوردستان، و. هوشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٧٥.

[٣٧]– مارتن ڤان برۆنەسن: مارتین ڤان برۆنەسن:ئاغاو شێخ ودەوڵەت،و. کوردۆ علی، بگ١، سلێمانی، ٢٠٠٣ ، ل٧٨ .

[٣٨]– محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ ، س پ، ل١٢–١٣ .

[٣٩]–ئارام علی سەعید: س پ ، ل٧٥ .

[٤٠]– د. کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠ ، ل٦٦ .

[٤١]– بەرزان ئەحمەد کوردە : س پ ، ل٦١ .

کوردەکان [42]. واتەخێڵ لە لایەنی سیاسی کوردیەوە ڕۆڵی گرنگی بینیووە، چونکە عەقڵیەتی خێڵ لە هەموو ڕەوشتێکی سیاسیدا ئامادە بووە و ئامادەی تەواوی لەناو هوشیاری ئاگای تاکەکانیشدا هەبووە و ڕاستەوخۆ سەرجەم پەیوەندیەکانی ئاراستە کردوە[43].

تەنانەت لەکاتی هەندێك لە ڕاپەڕینەکانی کورددا دژی داگیرکەران زۆربەی سەرکردە سەربازیەکان کەسانی سەرۆك هۆز و عەشیرەت بوونە، هەرکە شۆڕشەکەیان بەرەو لاوازی چووبێت لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان خیانەتیان لە ڕاپەڕینەکە کردوە و بەمەش ڕاپەڕنەکەیان بەرەو هەرەس بردوە، چونکە ئەمانە بیریان لای دۆزی کورد نەبووە، بەڵکو خەیاڵیان لای بەرژەوەندی بنەماڵە و عەشیرەتی خۆیان بووە [44]. ئاشکرایە کە هۆز گەورەترین کۆسپ بووە لە ڕێگەی گەشەکردنی هوشیاری نەتەوایەتی کورد دا، هەر ئەویش هۆکارێکی بنەڕەتی زۆرێك لە شکستەکانی بزوتنەوە چەکداریەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بووە، کە لە کوردستاندا هەڵگیرساوە بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ، کە سەرئەنجام جاشێتی و لێهەڵگەڕانەوە و دووبەرەکی نێوان هێزەکانی کورد و هەندێك بیروبۆچونی خێڵەکی بووەنەتە هۆی لە ناوچونیان [45] .بەهۆی ئەوەی خێڵەکانی کوردستان زۆرناکۆك و دوژمن بوون بەیەکتری و ئەمەش وایکردوە زۆرجار بچنەپاڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە بەرامبەریشدا خێڵە دوژمنەکەیان پاڵیداوەتە دەوڵەتێکی تر، ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناون، واتە دوژمنایەتیەکەیان بووەتە ماکی وابەستەییان بەدەوڵەتانی بێگانەی ناوچەکەوە [46] .ئەوە زانراوە کە سروشتی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتیە، سروشتی مرۆڤیش ڕەگەزێکی تاڕادەیەك نەگۆڕە، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕەگەزێکی گۆڕاوە و گەشە کردو بووە. ژینگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستێکی نزمی گەشەکردندا بووە، بۆیە کەسایەتی تاك لەناو خێڵدان لە ئاستێکی نزمدا ماوەتەوە و گەشەی نەکردوە، واتا سەرجەم توانای تاکەکان لە خزمەتی خێڵدا بووە ئەمەش وایکردوە بەهرەکانی تاك بە هەدەر بچن[47].

ئاشکرایە میرنشینە کوردیەکان، فیدراسیۆنێکی خێڵەکی بوون لە ناوچەیەکی تەنگەبەردا ماونەتەوە، هیچ ئایدۆلۆجیەکی تایبەتیان نەبووە تا هێزێکی نوێ بە یەکگرتنیان بدات و کۆمەك بەگەورە بوونی قەوارەکەیان و بە پرۆسێسی خۆ بەرەها کردنی دەسەڵات بکات، هەروا ئەو دەسەڵاتە پشتی بە ئابوریەکی سروشتی داخراو بەستبوو، ئەو میرنشینانە بەهۆی شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستانەوە کەوتبوونە نێوان دوو ناوەندی بەهێزی دەسەڵات، ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی بۆیە نەیان توانیووە وزەی خۆیان ئاراستەی دەرەوە بکەن سنوری خۆیان فراوان بکەن، وەك ئاماژەی پێکرا میرنشینەکان لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە بوون، کە دەسەڵاتی بێگانە لە کوردستاندا جێی هێشتبوو، لەناو ئەڵقەیەکی داخراوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و جوگرافیدا گیریان خوارد بوو، ئەمەش بەهانەی مانەوە و بەردەوامبونیان لە دەستداوە بوو[48]. لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەوسای کورد لەسەر بەرژەوەندی خێڵەکی و دەرەبەگی ئارەزووی میر دروست بووە، نەك لەسەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد، لە سەدای کاری میرەکان ئەوەی تیادا نەبووە کە ئیش بۆ کورد بکرێت، بەڵکوو هەر لە سنور و دەسەڵاتی خۆیاندا بوون و زیاتر مانەوەی خۆیان لامەبەست بووە لەگەڵ سەروەری خێڵەکەیان، ئەگینا هەرهەموو میرەکان کەسانی دەرەبەگ بوون خەڵکی پاڵە و سەپان پاسەوانی موڵکی ئەوان بوون [49]. هەروەها ژیانی دەرەبەگایەتی و ئاژاوەی ئاژاوەی نێوان سەرۆك هۆزەکان کوردستانی لە ڕووی

---

[42]– دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و ئەبوبکر خۆشناو، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٨ .

[43]– کامەران محمد:ڕامانێك لە سیستەمی خێڵایەتی لە کوردستاندا، گۆڤاری نوێبون،گۆڤاری نوێبوون، ژ٣، مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٤٧ .

[44]– ئارام علی سەعید: س پ، ل١٧٥ .

[45]–ژێرارچالیاند و ئەوانی تر: س پ، ل٨١.

[46]– مارتین ڤان برۆنەسن: بگ١،س پ ،ل٢٠٩–٢١٠ .

[47]– بەرزان ئاحمەد کوردە : س پ، ل ٦٧ .

[48]– د. ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لم، چاپخانەی تاران، چ٣، ٢٠١٤ ، ل٦٣ .

[49]– حسن محمود حمەکریم: مەلائیدریسی بەدلیسی و ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا،چاپخانەی چوارچرا،٢٠٠٨ ، ل١٣٤ .

ئابوریەوە دوادەخستوە و کاربەدەستانی ئێران و عوسمانیش ئاگری ناکۆکیەکانیان خۆش کردوە تاوەکو بتوانن دەستبگرن بەسەر کوردستاندا [50].

خێڵەکانی کورد بە زۆری خۆپەسەند و خۆپەرست بوون و لە ئاستی پرسە چارەنوسسازەکاندا بێ دەربەست بوون، بەلاَم لە ئاستی یەکتردا هەستیار و ناکۆك و لوت بەرز و خۆ بە زل زان بوون، بە ئاسانی دانیان بە قەوارە و بوونی یەکدیدا نەناوە، لە سۆنگەی نزمی ئاستی هوشیاریانەوە، دەمگۆی چەواشەکاری زوو کاری تێکردون[51].هەر ئەم خۆبەستنەوەیە بەبیری خێڵەکیەوە هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی ناکۆکی ناوخۆ و بوون بەجاش، ئەمەش کوردی لە ڕاپەڕینەکاندا زیاتر لاواز کردوە [52] .دەبینین دەوڵەتی عوسمانی سودی لەو هەژمونە خێڵەکیەی کورد وەرگرتووە لە دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا لە ١٨٩١، ئامانجێکی دەوڵەتی عوسمانی قوڵکردنەوەی گیانی دوژمنایەتی ناو هۆزە کوردیەکان بوو، بۆئەوەی سیستەمێکی ئەوتۆ یەکبخەن کە هەرگیزاو هەرگیز کوردەکان نەتوانن دژی دەوڵەت یەکبگرن و ڕاپەڕین بکەن، بۆیە زۆرکات هۆزە لاوازەکان هەڵدەبژێران، چونکە بە چەك و تفاقێکی کەمتر و چاکتر و مەشقێکی کورت خایەنتر دەخرانە بەر خزمەت [53].تەنانەت بە پێدانی پێگەو سودی مادی وایان کرد چەندین سەرۆك خێڵ بچنە ناو سوارەی حەمیدیەوە [54].

لە عەقڵی خێڵدا تەنها ئەو پارچە زەویە تەسکە جوگرافیەی کە خێڵەکەی لەسەر دەژی، بە نیشتمانی گەورەکەی خۆی زانیوە، ئەمەش هۆکارێکی لاوازبوونی هەستی نیشتمان پەروەری بووە، لە هەمانکاتدا هەستێك بووە باڵی بەسەر هەستی قەوارەیەکی یەکگرتوی کوردیدا کێشاوە [55].ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بە لای تاکی خێڵەکیەوە گرنگی خاك تەنها لەو پاوەن و پوشەدا بووە کە پەزەکانی تێدا

[50]– خاڵفین: خەبات لەرێی کوردستاندا، و. جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٢٧ .

[51]– محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ، س پ، ل ٩٠ .

[52]– ژیرارچالیاندو ئەوانی تر : س پ، ل ٨٤.

[53]– مارتین ڤان برۆنەسن: بگ٢، س پ، ل ٨٠–٨١ .

[54]–هەمان سەرچاوە، ل٧٩.

[55]– د. کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ ، ل٧١ .

لەوەڕاندوە، بۆیە خاکی بێلەوەڕ لای خەڵکی خێڵەکی هیچ بەهایەکی نیە تەنانەت بەلای تاکی خێڵەکیەوە خودی خێڵ ڕۆڵی نیشتمانی بینیوە، واتە خێڵ لە نیشتمان لە پێشتر بووە [56]. خێڵ جگە لەو سنورە دیاری کراوەی پێی گەشتوون، هیچ ئاسۆیەکی تر لەو دیوی ئەو سنورەوە نابینێت، یاخود بە نامۆ تەماشای دەکەن و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تاکەکانی خێڵ بیر لە بەرژەوەندی گشتی نەکەنەوە، بێگومان ئەمەش پاڵنەر بووە بۆ ئەنجامدانی گەورەترین تاوان کە بە شێوەیەکی گشتی زیان لە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن[57]. بەم جۆرە ئەگەر تەماشای خێڵی کوردی بکەیت ووشەی "من" یان لا باو نەبووە، بەڵکو هەر "ئێمە" واتە خێڵیان لەسەر دەم بووە، ئەوان لە پێشدا ئەندامی هۆزن ئەوجا موسوڵمان یان ئێزدی و فەلە واتە پاش گشت ئەوانە ئەوجا خۆیان بە کورد زانیوە، تەنانەت گشت هۆز و خێڵەکانی تر جگە لەوەی خۆی ئەگەر لە هەمان ئاین و نەتەوەی خۆیشیان بێت لە خێڵەکەی خۆیان بە کەمتر بینیوە [58].تەنانەت تاکی خێڵەکی ڕێزی سامانی نیشتمانی نازانێت و بەم زاراوەیە نامۆیە، ئەو هەرچی شتێك لە گیرفانی خۆیدا یان لەبن سیماڵ و لە نێو ماڵەکەی خۆیدا نەبێت حسابی بۆ ناکات و بە موڵکی خۆی نازانێت، ئەو ئامادەیە لەسەر پارچە زەویەکەی خۆی جەنگ بەرپا بکات و ئەم جەنگەش بۆنەوەکانی بگوازێتەوە، وەڵێ لەم سنورە بترازێت موڵکی گشتی ڕەت دەکاتەوە[59]. هەربۆیە کاتێك داگیرکەرێکی بێگانەی وەك تورك و فارس و عەرەب هێرشی کردوە بۆسەر میرنشینەکەی دراوسێی یان خێڵێکی دراوسێی زۆربەی کات پێیان خۆش بووە، بەهیچ جۆرێك هاوکاری میرنشین یان خێڵە کوردەکەیان نەکردوە(ئاگرە سورە لەخۆم دوورە)، بە پێچەوانەوە زۆرکات هاوکاری داگیرکەرانیان کردوە دژ بە کوردە هاو خوێنیەکانی خۆیان .

خێڵ هەرکاتێك بەرژەوەندیان کەوتە مەترسیەوە ئامادەیە پشت بکاتە ئەو هەموو بەرژەوەندیە نەتەوەیەکان. بۆ نمونە لە ڕاپەرینی ساڵی ١٨٨٠ بە ڕابەرایەتی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ، دوو سەرکردەی خێڵەکی ناو سوپای کورد کە( جەلال خانی

[56]– محمد فەریق حسن : س پ ، ل١٠٧ .

[57]– کامەران محمد :گۆڤاری نوێبون، س پ ، ل ٢٥٠.

[58]– ژیرار چالیاند وئەوانی تر: س پ، ل٨٢.

[59]–محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ ، س پ ، ل١١٤ .

قەرەباخ و ئیسماعیل ئاغای حاجی خۆشا)کە لە کاتی هێرشەکەیان بۆ سەر ناوچە کوردستانیەکانی ئێران پشتیان کردە کوردەکان و چونە پاڵ سوپای قاجاری، هەربۆیە زۆرێك لە سەرۆك خێڵ و دەرەبەگەکان هەر کە ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان دەسکەوت ئیتر وازیان لە ڕاپەینەکە هێنا ئەمەش ڕاپەڕینەکەی بەرەو نوشوستی زیاتر برد[٦٠] .هەر لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵادا کۆمەڵێك لە خێڵە کوردەکانی سنوری ئێران لەکاتی هێرشی سوپای ئێراندا دەستیان کردە خیانەت کردن و پەیوەندیان کرد بە سوپای ئێرانەوە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە بە یارمەتیدانی چەکداری و پێدانی زانیاری نهێنی بە حکومەتی قاجاری دەربارەی کوردە ڕاپەڕیوەکان( لەوانەش محمد ئاغای مامش، قادر ئاغا و گولاًوی ئاغای دیبۆکری ئیبراهیم ئاغای برای گولاًوی ئاغا) ئەمانە بە یارمەتی حسن علی خانی گەڕوسی کە بۆخۆی بە ڕەگەز کورد بوو کرایە فەرمانڕەوای سابلاغ تۆڕێکی سیخوڕیان پێکهێنا بۆ کۆتای هێنان بە ڕاپەڕینەکە و کوشتنی سەرکردەکانی کورد ئەمانە توانیان هەمزە ئاغای مەنگوڕ بکوژن کە یەکێك بوو لە سەرکردە گەورەکانی ڕاپەڕینەکە و ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە هەلاًیسانی ڕاپەڕینەکەدا بە کوشتنی هەمزە ئاغا لە لایەن ئەم خیانەتکارانەوە زیانێکی زۆر بەر جولاًنەوەی کوردەکان کەوت[٦١] .

ئەمانە جگە لەوەی دەوڵەتی عوسمانی خۆی زۆرجار چاوی ئەپۆشی لە ڕەفتاری خراپی هەندێك لە سەرکردەی عەشایەر و دەرەبەگی کورد کردوە، تا بە ئارەزوی خۆیان زوڵم و ستەم لە خەڵکەکەیان بکەن، حکومەتیش ئەم جۆرە کەسانەی دەکردە دەسکەلای خۆی و لەکاتی پێویستدا بەکاری دەهێنان بۆ تێکچوونی ڕیزەکانی کورد[٦٢] .

جگە لەوانەی ئاماژەی پێکرا زۆرجار ململانیەی نێوان خێڵەکان لە کوردستاندا ئەوەندە بەهێز بووە، ئەگەر سەرۆك هۆزێك چوو بێتە پاڵ بزاڤی نەتەوایەتی، ئەوا ئەو سەر خێڵەی کەوا ڕکابەرێتی پارە و چەك و چۆڵی لە حکومەتی داگیرکەر وەرگرتوە و چووەتە پاڵ حکومەت دژ بە کوردە هاوخوێنەکەی،[٦٣]هەربۆیە سەرانی کورد زۆرکات لە ناکۆکی و ململانیەدا بوون، مەیلێکی ڕەگاوەژوی ناپاکیان دژ بەیەك تیادابووە[٦٤] . ئەگەر کورد بوون کۆکەرەوەی خێڵە کوردەکان بێت و لەوەدا هاوشوناس بووبێتن کە کوردن، ئەوا کورد بوون هاوزمانی و هاوخوێنی هاوکلتوری و هاوڕەچەڵەکی نیە، چونکە خێڵە کوردەکان هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە هاوخوێن و هاوکلتور نەبوون و پەیڕەویان لە یاسای جیاوازی کردوە[٦٥] .

بە پەیوەست بوون بە پەیوەندییە کۆمەلاًیەتیان بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ لە ناو خێڵدا داین دەبێت، تاك لەناو خێڵی کوردیدا هەستی وەك ئەندامێك لە خێڵەکەیدا لەپێش هەموو هەستێکی ترەوە بووە، تاك بەجۆرێك پابەند بووە بە خێڵەکەی خۆیەوە کە بەهێزتر بووە لە هەموو پابەند بونێکی تر، خێڵی کوردی خۆی بە خاوەن و زاڵ داناوە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلاًیەتی لە خێڵدا[٦٦]،بێگومان لە عەقڵی خێڵدا دوا بڕیار بۆ زەبر و هێزە[٦٧] ،ئاشکرایە ڕۆحی خێڵەکی بوون مافەکانی تاکەکەس دەکوژێت، چونکە تاکە کەسەکان گشت مافەکانی خۆیان دەدەنە دەست سەرۆك خێڵ یان شێخ، لێرەدا سروشتی داهێنەرانی تاك وەك (من) وەستێتاوە و تەنها (ئێمە) واتە هۆزەکە زاڵ بووە، بۆیە لە ئەنجامی بالاً دەستی خێڵەکی ولاًتگەری و نەتەوە سازی زۆر دواکەوتووە[٦٨] .

[٦٠]–جەلیلی جەلیلی : ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و د. کاوس قەفتان، چاپخانە زەمان، ١٩٨٧، بغداد، ل١٣٨.

[٦١]– حسن علی خان گەڕوسی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا،و. محمد حمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل ١٨ –٢٠.

[٦٢]–محمد ڕەسوڵ هاوار: کوردوباکوری کوردستان، بگ١، س پ، ل٣٨٣ .

[٦٣]– محمد فەریق حسن: مێنتەلێتی خێڵ ، س پ، ل ٩٣ .

[٦٤]– هەمان سەرچاوە، ل٩٢.

[٦٥]– گۆران سەلام: کاریگەری خێڵ و ئاین لە سەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی، لەنێوان سالانی ١٨٤٧–١٨٨١، چاپخانەی کەمال، هەولێر، ٢٠١٤ ، ل ٣١–٣٢ .

[٦٦]–بەرزان ئەحمەد کوردە : س پ، ل ٦٨ .

[٦٧]– نەجم عەبدولاً محمد: عەشرەتگەری و خێڵ گەری جەمسەری دژی دەوڵەتی مۆدێرن، سلێمانی،٢٠٠٥، ل٦٩ .

[٦٨]–نازناز محمدعبدالقادر: میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاًت، لە سەردەمی فەرمانڕەوای قاجارەکاندا، هەولێر، ٢٠٠٢ ، ل١٨٣.

بێگومان تاكی كورد پەروەردەیەكی خێڵایەتی هەبووە و پەیوەندارێتی(ئینتیما)ی بۆ خێڵ هەبووە و لەگەڵیدا كۆك بووە، لە ئامانج و بنەما و شێوازەكانی بیركردنەوە و ژیان تیایدا، لەبەرئەوەی دەوروبەر ڕێگای جوڵەی پێنەداوە و ئامرازەكانی پێشكەوتن و گەشەكردنی بۆ ئامادە نەكردوە گەشەی كەسایەتیەكان سنوردار كراوە بۆیە تاكی كوردی هەست بە كپی و مەحرومی كردوە، هەروەها خێڵ ڕۆڵێكی بەرچاوی بینیوە لە مراندنی تواناكانی مرۆڤی كورد و پوكانەوەی عەقڵیەتی داهێنەرانە و دواخستنی لە بزوتنەوەی مێژوودا، بەم جۆرە مرۆڤی كورد جگە لە خانەیەكی نێو جەستەی خێڵ، نەیتوانیوە بازنەی خێڵ تێپەڕێنێت و دەسەوسان بووە لە جوڵاندنی كۆمەڵگە و مێژوودا [69]. لە ڕاستیدا كۆمەڵگەی كوردی تائێستاش گەشە كردنێكی ئەوتۆ لە هەناویدا ڕووی نەداوە، ئەو گۆڕانكاریانەش كە بەسەریدا هاتووە زیاتر دیمەنە ڕوكەشەكانی ژیانی گرتوەتەوە [70].بەلأم نابێت ئەوەش نادیدە بگرێت،ك ە بەربەستە سروشتیەكان زۆرجار خێڵەكانی لەناو خۆیاندا لە یەكتر جیا كردوەتەوە و پەرتەوازەی كردون، ئەمەش هۆكارێك بووە تا یەكنەگرن[71].

كورد پێكهاتەیەكی خێڵایەتی هەبووە، بۆیە گۆڕان لە كەسایەتی تاكی كوردیدا بەتایبەتی لە كاتی تەنگەژە خێڵەكیەكاندا ڕودەدات و ڕەفتار و بیروباوەڕو سروشتی كوتوپڕ دەگۆڕێت، بەلأم ئەم گۆڕانە بەردەوام نابێت و درێژخایەن نابێت، هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار كەسایەتی كوردی بە هەڵەشەی و دڕندەی وەسف كراوە، ئاشكرایە ئەم ڕەفتارە بەرئەنجامی هۆكارێكی كاتیە و زۆر جار دەبینین مرۆڤێكی هێمن و لەسەرخۆ لە ژیانی ئاسایدا دەگۆڕێت بۆ كەسێكی دڵڕەقی چەك هەڵگری زەبر بەدەست كە فەرمان بەسەر چواردەورەكەیدا دەكات و تێدەكۆشێت تا سزایان بدات لە بەرامبەر ڕەفتارێكی ئەو كەسانەی كە ئەنجامیانداوە [72].(شەرەفخانی بەدلیسی) لە بارەی سیفەتی خێڵەكیانەی كورد و دەڵێت(( هەموو كوردێك بۆخۆی سەربەخۆیە و ئالأی و زۆرداری بەرز كردوەتەوە لەناو ئەو شاخ و كێوانەدا بە سەربەستی ئەژی ئەگەر سەرنج بدەیتە باری یەكگرتوی و هاوبیری و هاوكارییانەوە، تەنها لە شەهادەت ئیماندا نەبێت لە هیچ شتێكی تردا یەك ناگرنەوە)).[73] واتە كورد میلەتێكی دابڕاوە و دان بەیەكتردا نانێن و یەكتری قبوڵ ناكەن.

ئەگەر بێت و باس لە خێڵی ڕەوەند بكرێت، كە خۆی شوێن و مەسكەنی نەگۆڕی نیە و گروپێكی ناجێگیرە، نیشتمانی بەرجەستە و ئاشكرای نییە، هەتا بەرگری لیّ بكات و لە خەمی سەربەخۆ بوونیدا بێت، هەربۆیە خێڵی ڕەوەند لە بەرامبەر دوژمندا ئاسانتر هەڵدەكەنرێت تاكو جوتیاری جێگر و بارگران[74]. بەهۆی ئەوەی هەموو بنەماڵەو تیرەیەك لە بنەماڵە و تیرەكانی خێڵ پاش ئەوەی گەشە دەكەن و ژمارەی تاكەكان و ڕووبەری زیاد دەكات، هەوڵی پاراستن و پارێزگاری ئەو ئاستەی كەپێی گەشتووە دەدات وەك ئاماژەی پێكرا ئیتر ئەم دیاردە لەدەرونی سەركردە و ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەواكاندا منێتی(انانیە) یەكی دروست كردوە و گیانی ڕق و كینەی لە ناویاندا تۆخ كردوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تاكەكانی خێڵ بیر لە بەرژەوەندی گشتی "نەتەوە" نەكەنەوە، تاكی خێڵەكی ئەو هۆشیارەی هەیانە دەیانخاتە دۆخێكی دۆگمابونەوە ئەم دۆگمابونەش چووە ناو هەر كۆمەڵگایەكەوە بەسە بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵبێت.[75] بۆیە خنكان وكپبوون بوونەتە كۆتی گەردنی مرۆڤی كورد، جێگەی سەرسوڕمان نیە كە زۆر جار تاكی خێڵ لابدات بە مەبەستی دەرباز بوون لەو كۆتانە و هەڵەی گەورەش بكات، بەمكارەشی زیان لە كۆمەڵگەی كوردی بدات بەشێوەیەكی گشتی دەوروبەر ڕێگەی جموجوڵ بەتاكی خێڵ نادات و ئامرازەكانی گەشەكردن وپێشكەوتنیشی بۆ ئامادە ناكات و گەشەی كەسایەتیەكانیش سنوردار ەكات، ئەمەش وایكردوە تاكی كوردی هەست بەكپی و بیّ بەری بوون بكات [76]. بەلأم نابێت ئەوەش فەرامۆش بكرێت سەرەڕای لایەنی خراپەكانی مێنتەڵتی خێڵ لایەنێكی

[69]–د.كامەران محمد : كورد بونیادێكی نەخەملێو، س پ ، ل٧٢.

[70]– د.كامەران محمد: پەیوەندی كورد و ئیسلام(ڕامان لە موسوڵمان بوونی كورد)، گۆڤاری خالّ،ژ٣، چاپخانەی سەردەم، شوباتی ٢٠١٦، ل١٩.

[71]–د. كامەران محمد : كورد بونیادێكی نەخەملێو، س پ،ل٨٩ .

[72]– بەرزان ئەحمەد كوردە: س پ، ل ٦٤–٦٥ .

[73]– شەرەفنامە،س پ ، ل٢٦ .

[74]–محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ، س پ، ل١٠٤ .

[75]–د.كامەران محمد : كورد بونیادێكی نەخەملێو، س پ ، ل٨٩–٩٠ .

[76]–بەرزان ئەحمەد كوردە : س پ ، ل ٦٩ .

ئیجابیشی هەیە، کەئەویش ئەوەیە پارێزگاری کردنی خێڵ لە خێڵایەتی خۆی لە هەمان کاتدا زۆرکات پارێزگاری کردنی نەتەوەی کوردیش بووە، کە بوونی خۆی لە خێڵایەتی لە کوردستاندا زەق کردوەتەوە، بۆیە لەم لایەنەدا تارادەیە خێڵی کوردی ڕۆڵێکی ئەرێنی دیوە [77].

**تەوەری سێیەم – ئاین و هەستی ئاینی لای کورد.**

ئاین بە درێژی مێژوو ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، زۆر ئەستەمە شارستانیەتێك بدۆزینەوە لەسەر ڕووی زەوی کە ئاینێکی تایبەت بەخۆیان نەبێت، چونکە ئاین هەمیشە وەڵامدەرەوەیەکی خێرای پرسیارە نەزانراوەکانی مرۆڤ بووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەرەڕای پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی ئاینەکان ڕۆڵ و پێگەی خۆیان هەیە، دیارە ئاین بۆ هەندێك گەل سەرچاوەی پێشکەوتن و بۆ هەندێکی تریشی سەرچاوەی مەینەتی بووە. ئەمەش پەیوەندی بە خودی مرۆڤەکانەوە هەبووە، کە چۆن توانیویانە سودی لێوەر بگرن، گەلی کوردیش وەك گەلێکی ئاریایی بەهۆی ئەوەی نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە لانکەی ئاینە ئاسمانیەکان بووە، هەر ئاینێکی نوێ هاتبێتە ناوچەکە یەکسەر کاریگەری لەسەر کوردیش دروستکردوە، تەنانەت ئاینە زەمینیە دەستکردەکانیش کاریگەری دیاریان لەسەر مرۆی کورد هەبووە. هەر ئەمانەش وایکردوە لەناو میلەتی کورددا فرە ئاینی و فرەمەزهەبی هەبێت وەك زەردەشتی و مەسیحی و جولەکە و ئێزدی وئاینە دەستکردەکانی وەك مانی و مەزدەکی، هەروەها ئیسلام بە تەواوی مەزهەب و تەریقەتەکانیەوە، بێگومان ئەم ئاینانە کاریگەری باش و خراپیشیان لەسەر کورد هەبووە، بەڵام میلەتی کورد نەیتوانیوە بەباشی سود لە ئاین وەربگرێت وەك نەتەوەکانی ناوچەکە کە ئاین بووتە سەرچاوەی ژیار و دەوڵەتی تایبەت بۆیان.

کورد نەیتوانیوە وەك هیچ میلەتێکی تری جیهان چالاکیە ئاینی و سیاسی و ئابوری و – کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی گەشە پێبدات! بۆیە کێشەی قوڵی لە تێگەشتنی ئایندا هەبووە و تێڕوانینی بۆ (مرۆڤ و ئاین) (مرۆڤ و سیاسەت) (مرۆڤ و ئابوری) (مرۆڤ و کۆمەڵگا) (مرۆڤ و ڕۆشنبیری) ڕوون نیە، ڕاستتر نەك هەر ڕون نەبووە و نیە! بەڵکو لە خانەی سەرەتایەتی بوون و زۆرجار عەدەمیشدایە.دیارە میلەتێکیش نەتوانێت تێگەشتنی ڕاست و مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەم چالاکیانەدا بکات، ئەوا مەحکومە بەوەی بە بەردەوامی لە پەراوێزی ژیان و ژیاری جیهاندا بمێنێتەوە، هەربۆیە بە درێژای مێژوو(ئاین و سیاسەت و ئابوری – کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری )نامۆبوونی خودی کوردیان قوڵتر کردوەتەوە، بەحوکمی ئەوەی کورد میلەتێکی بنیاتنەر نەبووە و نەی زانیوە لەگەڵ ئەم چالاکیانەدا مامەڵە بکات، ئەوەش وایکردوە وەك ئامرازێك لە لایەن ئەو هێزانەوە بەکارهێنراوە کە ئەو چالاکیەکانی لە هەڵکشاندایە [78].ئاین لای کورد بۆ زیاتر شەریعەت و دینداری بووە نەك وەك فارس و عەرەب و تورك کە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و سیاسی بەکاریان هێناوە، ئاشکرایە فارسەکان مەزهەبی شیعەیان کردوەتە بابەتێکی سیاسی و سودی زۆریان لێبنیوە، بەهەمان شێوە تورکەکانیش مەزهەبی سونیان کردوەتە پشتیوانێك بۆ جودا کردنەوەی خۆیان و سودیا لێبینیوە، بەلاّم ئەمە لای کورد وانە بووە، بەڵکو میلەتی کورد فرە ئاین بووە سەرەڕای زۆرینەی سونە بوون ئەوانی تریشی شیعە و سابئە وکاکەی و ئێزدی مەسیحی و جولەکە بوون، لەهەر دوو دەوڵەتی سەفەوی و قاجاریدا کە شیعە بوو، کورد بە هۆی مەزهەبیەوە توشی چەوسانەوە و کوشتار هاتوون [79]. لەڕاستیدا جیاوازیە دینی و مەزهەبیەکان هۆکاری دروستبونی جیاوازی و لێدابڕانی کورد بوون لەناوخۆدا، بەلاّم بەپێچەوانەوە جیاوازیە مەزهەبیەکان هۆکاری نزیك بوونەوەی بەشێکی کورد بووە لە دوژمنانی کورد.

کورد بە درێژای مێژووەکەی نەیتوانیوە ئاین وەك چەکێك لەبەرامبەر نەیارەکانیدا بەکاربهێنێت، یاخود بەدیوێکی تردا کورد هەمیشە بە پیرۆز سەیری ئاینی کردوە لای وابووە لادان لەو چوارچێوە داخراوەی ئاین کە پێشتر دانراوە تاوانە، بۆیە ئەمانە وایان کردوە کە هەموو چاکسازیەك لە ئایندا تاوانە و دەچێتە خانەی بێ باوەڕیەوە، هەرئەمەش وایکردوە کوردە سونیەکان بچنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و کوردە شیعەکانیش

[77] –هەمان سەرچاوە ، ل ٧٠-٧١ .

[78] – د. کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ، ل٢٨-٢٩ .

[79] – ئارام علی سعید: س پ، ل١٧٦-١٧٧.

**بچنە پاڵ دەوڵەتە شیعەکانی ئێران و ئەوانەی کە موسوڵمان نەبوون کەوتونەتە نێوان ئەم دوو بەرداشەوە[٨٠].کەواتە بەهۆی ئاینەوە لەژێر گوشاری هاوئاینی و هاومەزهەبی کوردەکان کەوتونەتە زۆر هەڵەی مێژووی گەورەوە، کە زیانەکانی زۆرن لە سەدەی نۆزدەشدا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی لە هەموو کارێکیاندا ئاینی ئیسلامیان کردوەتە چەکێك بۆ زاڵبوون بەسەر کوردەکاندا، سەرەڕای ئەمەش کورد ناوەندێکی (ئاینی – کلتوری) تایبەت و بەهێزیشیان نەبووە کە لەژێر ئاڵاکەیدا هێزە سیاسیە جیاوازەکان کۆبکاتەوە و ناسنامەیەکی کوردانەیان پێ ببەخشێت و وزە بە گیانی ڕاپەڕینەکان بدات[٨١]، نەبوونی ئاین و ئاینزایەکی تایبەت یان قوتابخانەیەکی فەلسەفی سەرچاوەیەکی بەدبەختی کورد بووە، واتە نەبوونی ئایدۆلۆژیەکی تایبەت کە تەواوی میلەتی کورد یەکبخات و نەبنە پاشکەوتەی میلەتانی ناوچەکەو کلتور و زمانی خۆی بپاراستایە[٨٢] .نوسەری عەرەبی (عبدالرحمن ئیبن خەلدون١٣٣٢-١٤٠٦ ز) بایەخ بەفاکتەری ئاین و بیروباوەڕ داوە لە بەهێزکردن و یەکخستنی هێز و تواناکانی مرۆڤی خێڵەکی، لای وایە دەمارگیری خێڵەکی بەبێ بووونی ئاینێك کە پەیوەندی نێوان تاکەکانی هۆزەکان بتەو بکات دەسکەوتێکی مەزن بەدەست ناهێنن، چونکە ئاین دەبێتە مایەی ڕێگری کردن لە کارە خراپەکانی هۆز، چونکە هۆز هەموو کارەکانی خۆی لاباشە، گەر خراپیش بێت، بۆیە پێویستی بە ئاینێك هەیە تا لەم کارە خراپانە لایبدات و ڕاستی بکاتەوە[٨٣] . بۆیە ئیبن خەلدون ئاگادری دەدات کە دەمارگیری خێڵایەتی بەبێ بوونی ئاین و ئایدۆلۆجیەك دەبێتە سەرچاوەی نەهامەتی و مەینەتی بۆ کۆمەڵگە، بەڵام زۆر کات ئەوەی زۆر گرنگترە لە ئاین تێگەشتنی مرۆڤەکانە لە ئاین نەك خودی ئاینەکە، بەدیوێکی تردا بوونی ئاین گرنگە بۆ یەکگرتن وپێشکەوتنی کۆمەڵگە.**

**[٨٠]- دڵپاك جبار مەلا علی: س پ ، ل٥٧-٥٩.**

**[٨١]- هەمان سەرچاوە، ل٦٤.**

**[٨٢]- محمد ڕەسوڵ هاوار : کورد و باکوری کوردستان، بگ١، س پ، ل ٢٥٥.**

**[٨٣]- عبدالرحمن ابن خلدون: تاريخ العلامه ابن خلدون، كتاب العبر وديوان المبتدأ و الخبر، ج١، دار الكتاب المصرى، القاهره، ١٩٩٩، ص٢٧٨ .**

**لەلایەکی ترەوە کاریگەری خراپ بەکارهێنانی ئاین لەلایەن داگیر کەرانەوە بۆ مەبەستی دەست بەسەراگرتنی کوردستان، کاریگەریەکی ترسناك و مەبەست داریش بووە، چونکە لە چەندین قۆناغی مێژوویدا کوردستان گاوگەردونی دەستی ئەو کەسانە بووە، کە بەناوی ئاینەوە تێکۆشاون کوردستان داگیر بکەن، زۆرێك لە داگیرکەرانی کوردستان بەناوی ئاینەوە هاتونەتی ناو خاکی کوردستان، فارسەکان و تورکە عوسمانیەکان هەڵگری ئەم سیاسەتە بوون لە داگیر کردنی کوردستاندا [٨٤]. شائیسماعیل سیاسەتێکی توندوتیژی دژی کورد بەکارهێناوە و زۆری لێکوشتون، لە بەرئەوەی سونی مەزهەب بوون، بەڵام لەگەڵ تورکمانە شیعە مەزهەبەکان بە باشی جوڵاوەتەوە، یەکێك لە سیاسەتەکانی شائیسماعیل لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکان بووە[٨٥] . بەهەمان شێوە زۆربەی جوڵانەوەکانی کورد لەلایەن تورکەوە بەهۆی ئاینەوە یان هەر فرۆفێڵێکەوە لەناوبراون [٨٦] . بۆ نمونە بەهۆی هاومەزهەبیەوە و بە ڕۆڵی ((مەلا ئیدریسی بەدلیسی)) کوردەکان لە جەنگی چاڵدیراندا لە ساڵی ١٥١٤ بوونە یاریدەدەری سوپای تورك، بۆیە سوپای عوسمانی توانی بەسەر سەفەویەکاندا سەربکەێت[٨٧] ، ناکۆکی کورد وتورك لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە کورد دایانە پاڵ تورکە عوسمانیەکان لە سەردەمی سوڵتان سەلیم بەهۆی پەیمان بەستنێکەوە، دیارە تورکەکان دەستیانکردە خراپەکاری و زەبر و زەنگ بەرامبەر بە کورد و پەیمانەکەیان پێشێلکرد کە لەگەڵ میرنشینەکاندا گرێیاندا بوو [٨٨]. دیارە سوڵتان سەلیمی یەکەم بە پێدانی بەرتیل وای لە زانای کورد ئیدریسی بەدلیسی کرد کە بەهۆی پلەوپایەی ئاینیەوە کاریگەری لەسەر میرنشینە کوردیەکان دابنێت تا هەموویان لە دەوری سوڵتان کۆ بونەوە و ڕێکەوتنی لەگەڵ ببەستن، هەرچەندە سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی شیعە مەزهەبیش، هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەو کارەی میرەکان،**

**[٨٤]-بەرزان ئەحمەد کوردە: س پ ، ل٥١.**

**[٨٥]-محمد ڕەسوڵ هاوار : کوردوباکوری کوردستان ، بگ١، س پ ، ل١٥٤-١٥٥ .**

**[٨٦]-هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥ .**

**[٨٧]-حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بگ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٩٦ .**

**[٨٨]- د. بلەج شێرکۆ: کێشەی لە مێژینە و ئێستای کورد، و. محمد حمە باقی، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ب ش چ، ١٩٨٦، ل٤٢ .**

هەروەها سوڵتانە تورکەکان چەکی ئاینیان بەکارهێنا بۆ لە ناوبردنی میرنشینە کوردیەکانی وەك میرنشینی سۆران و بۆتان [٨٩]. زۆرێك لە نوسەران لایان وایە ئاین یەکێك بووە لە فاکتەرەکانی ڕوخانی میرنشینی سۆران، کاتێك عوسمانیەکان هاتنە کوردستان بۆ سەرکوتکردنی میری سۆران(١٨٣٦)، ویستیان سود لە فاکتەری ئاینی وەربگرن، سەرکردە سەربازیەکانی عوسمانی نامەیان بۆ میر محمد نوسی وداوایان لێکرد، کە نەبێتە باعیسی ڕژانی خوێنی موسوڵمانان[٩٠]. هەر بۆ ئەم مەبەستە نامەیان نارد بۆ (مەلای خەتیّ) کە موفتی میرنشینەکە بۆ ئەوەی شەڕکردن لەگەڵ سوپای عوسمانیدا حەرام بکات و خەڵك و سەربازەکانی میرنشینەکەیش لە شەڕکردن سارد بکاتەوە، بۆیە مەلای خەتێش فتوای حەرامی شەڕکردنی دەرکرد لەگەڵ سوپای خەلیفەی عوسمانی بەوەش سەربازەکان لە بەرگری کردن سارد کردەوە و کۆتایش بە دەسەڵاتی میر محمد هات، ئەمەش بەهۆی خیانەتی مەلای خەتیّ[٩١].

هەروەها کاتێك عوسمان پاشای سەرکردەی سوپای عوسمانی بوو نێردرا بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی بەدرخان ئەویش ( ١٨٤٦-١٨٤٧)دا سەرجەم هەوڵەکانی خستە گەڕ تا کەسانی چوار دەوری بەدرخان پاشا پاڵبدەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی وپشت بکەنە بەدرخان پاشا، عوسمان پاشا ویستی سود لە دین وەربگرێت، بۆیە ئاگادرای نورولاّ بەگ و محمود خان ئەکاتەوە هەرکەسێك لە ئاین و دەوڵەتی عوسمانی هەڵهاتبێت سەرئەنجامی تیاچونە، بۆیە لە ڕۆژی حەشردا هیچ قسەیەکتان پیّ نیە، چونکە من ئێوەم ئاگادار کردوەتەوە لەم کارەتا ن[٩٢] . تەماشاکەین لێرەدا دەوڵەتی عوسمانی دینی بەکارهێناوە تا میرە کوردەکان ناپاکی بکەن .بەم جۆرە وەك باو بووە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە کۆن و نوێدا، مێژووە پڕ نەهامەتی و دەردەسەری و چەق بەستوەکەی بە میرات بۆ کورد ماوەتەوە، زۆربەی کات ئاین ئامرازی دەستی دەسەلاّتدران بووە، هاوکێشەکە واکەوتوەتەوە کە پیاوانی ئاینی ببن بە داردەستی دەسەلاّتدران، لە ڕاستیدا زۆرێك لە فەقیهەکان لە بواری حیلە شەرعیدا بالاّ دەست بوون و توانیویانە پاساوی شەرعی بۆ هەموو کارێك بهێننەوە هەتا گەر کارێکی خراپیش بێت، بۆیە سوڵتانە زۆردارەکانیش کاتێك نیازی کارێکی هەبوویێت فەقیهەکانی کۆکردوەتەوە و مەبەستی خۆیان پێڕاگەیاندون و ئەوانیش کە بینیویانە سوڵتان سورە لەسەر کارەکەی، ئەوا ئایەت و حەدیسیان بۆ گونجاندوە و کارەکەی سوڵتانیان شەرعاندوە، شایەنی باسە فەقیهەکان لە مێژووی سیاسی ئیسلامیدا پلەو پایەیەکی تایبەتیان لای خەلیفەکان هەبووە، چونکە ڕوکاری شەرعی ئاین بوون، کە خەلافەت لقێکی ئەو شەرعە بووە، بە واتایەکیتر فەقیهەکان کاریان بە شەرعیەتدان بە خەلافەت کردوە و خەڵکیش بڕوای تەواویان بە فتوای فەقیهەکان کردوە لە فتواکانی ئەوان دەرنەچوون[٩٣] . زۆرێك لە میرەکانیش یان پیاوی ئاینی بوون یان پیاوی ئاینی کاریگەری لەسەر داناون، نەشیان توانیوە ڕیّ لە دەسەلاّتی پیاوانی ئاینی بگرن نەوەکا سوڵتان یان خەڵکەکەیان لیّ زویر ببێت، محمود پاشای بابان کاتێك لەگەڵ مستەر ریچدا گفتوگۆ دەکات ئەوەی لا سەیر دەبێت کە ریچ دەڵێت قەشەکان لە ولاّتی بەریتانیا لوت ناژەننە ناو سیاسەتەوە، هەروەها محمود پاشا باس لەوە دەکات، کە ئەو جگە لەمێژووی پێغەمبەری ئیسلام و پیاوچاکان تالبی شارەزابوون لە بارەی مێژووی میلەتەکەی خۆیەوە نیە، نەك هەر ئەمە ئەردەلاّنیەکان و میر محمدی سۆران بەرامبەر کوردە ئیزدیەکان توندو تیژ بوون ئەمەش بەهۆی ئاینەوە بووە[٩٤].

لەلایەن تورکەکانەوە ئاین وەك سیاسەت بەکارهێنراوە ئەگەر تێبینی بکەین هەر بەناوی ئاینەوە ڕاپەڕینە کوردیەکانیان سەرکوت کردوە، بەحوکمی ئەوەی هەردوولا هاوئاین و هاو مەزهەب بوون، بۆیە عوسمانیەکان وایان لەخەڵك گەیاندوە کە سولتان خەلیفەی موسوڵمانانە و بەڕودا وەستان و شەڕکردن لەگەڵی دەرچونە لە ئاینی ئیسلام، یان زۆرکات کوردەکان هاوکاری دەوڵەتی عوسمانیان کردوە بە

[٨٩]- جمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و.کوردۆ، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٧ ، ل٦٤. 
[٩٠]- د.جەلیلی جەلیلی : کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، و. د. کاوس قەفتان ، بغداد، ١٩٨٧، ل ١٨٣-١٨٤. 
[٩١]حسین حوزنی موکریانی: مێژوی میرانی سۆران، چاپخانەی کوردستان، چ٢، هەولێر،١٩٦٢، ل٦١-٦٢. 
[٩٢]-سینان هاکان: س پ، ل ٢١٢-٢١٣. 
[٩٣]- نەجم عەبدولاّ محمد: عەشرەتگەری و خێڵ گەری جەمسەری دژی دەوڵەتی مۆدێرن،سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٦-٦٧ . 
[٩٤]-گۆران سەلام: س پ ، ل ٤٩-٥٠ . 

**ناوی غەزاو جیهادەوە، بۆ نمونە بەشداری کردنی شێخ عوبەیدوڵا لە شەڕی عوسمانی ڕوسی ساڵی( ١٨٧٧-١٨٧٨) کە جگە لە زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی هیچی بۆ کورد تیادانە بووە، هەروەها بەشداری کردنی کورد لە سوارەی حەمیدیەدا لە ساڵی( ١٨٩١) دووبارە ئاینی ئیسلام فاکتەرێك بووە[٩٥]، بۆ چوونە ناو سوپای حەمیدیە و بەشداری کردنی کوردەکان لە کوشتاری ئەرمەندا، چونکە بە پێی فەرمانی سوڵتان پیاوانی ئاینی لە مزگەوتەکاندا فتوایان داوە بە کوشتنی ئەرمەنیەکان بەوەی کافرن و پێویستە بکوژرێن، بە هۆی هەڵە تێگەشتنی کوردەکان لە ئاین فریوی ئەم فتوایەیان خواردوە[٩٦] . لە ڕاستیدا زۆرێك لە ڕاپەڕینە کوردیەکان مۆرك و بنەمای ئاینیان پێوە دیارە، یان ئاین کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی ئەو ڕاپەڕینانە بوون، بۆنمونە زۆرێك لە سەرکردە کوردەکان لە زانایانی ئاینی بوون و شوێنکەوتەی خۆیان هەبووە [٩٧]. میر محمدی ڕەواندز لە ساڵی ١٨٣١ لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر ئیزدیەکان کوشتارێکی زۆری لە ئێزدیەکان کرد [٩٨]، نزیکەی دوو هەزار دیلی لێگرتن و ناردنیەوە بۆ ڕەواندز، کە (٥٠٠)کەس لەو دیلانە کیژ و ژن بوون، دواتر میر محمد ئەمانەی وەکو دیاری دایە ئاغاکانی کۆیە و هەولێر و ڕەواندزو موسڵ .[٩٩]**

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لە مێژوودا ( نەخەملێویێتی عەقڵیەتی سیاسی و ئیسلامی) کوردە، چونکە تەنانەت لە سەردەمی ئیسلام و دوای هاتنی ئیسلامیش کورد نەیتوانیوە وەك هێزە ئیسلامیەکانی گۆڕەپانەکە هەڵوێستی دروستی خۆی دیاری بکات و لە نێو ئەو گەمە سیاسیانەدا دروست هەنگاو بنێت، ئەمە لەکاتێکدا نەتەوەکانی(عەرەب و فارس و تورك) هەوڵی بونیادنان و پاراستنی قەوارە و زمان و کلتوری خۆیانداوە و سودیان لە ئاین وەرگرتوە، بەڵام کوردەکان لە لایەن ئەم هێزانەوە بەکارهێنراون لەململانیەکانیاند ا[١٠٠] .بەمجۆرە زۆرجار ئاین بووەتە سەرچاوەی وابەستە بوونی کورد بە دوژمنەکانیەوە و هەندێکجاریش بەم هۆیەوە خیانەتی لە نەتەوەکەی خۆی کردووە.**

**تەوەری چوارەم / نەبوونی قەوارەیەکی تایبەت و ئاراستکردنی مێژووی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە:**

**ئەگەر سەیری مێژووی میلەتی کورد دەکرێت، لە دوای ڕوخانی دەوڵەتی مادەوە(٥٥٠ پ ز)وە نەیتوانیوە قەوارە و دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەبێت کە گشت کوردستان بگرێتەوە، کورد ئەو میرنشینانەش کە هەیبون دەسەڵاتێکی ناوچەی سنورداریان هەبووە و کە زۆربەی کات بە دەسەڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکەوە بەستراوەنەتەوە و هیچ یەکێك لەم میرنشینانە نەیان توانیوە فیدراسیۆنێك پێکبهێنن و کوردستان بکەنە خاوەنی قەوارەیەکی تایبەت، بەپێچەوانەوە میرنشینەکانی کوردستان وەك شەرەفخانی بەدلیسی باسی کردوە لێکدابڕاو بوون و دانیان بەیەکتریدا نەناوە، ئەم نەبوونی دەوڵەتە وایکردوە میلەتی کورد توشی کێشەی بنەڕەتی ببێتەوە و بونیادی تاکی کوردی توشی ئاریشە ببێت و بارگاوی بکرێت بە سروشتی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە، میلەتی کورد خاوەنی مێژووی سروشتی خۆی نیە و زۆرجار داگیرکەران ڕۆڵیان لە دروستبوون و ئاراستەکردنی مێژووەکەیدا گێڕاوە، کوردیش زیارتر ڕۆڵی کارەکتەری گێڕاوە، ئەوانەش وایان کردوە کورد توشی چەندین هەڵە و ناکۆکی ببێتەوە . ئەگەر تەماشای مێژووی کورد بکرێت زۆربەی جوڵانەوەکانی خیانەتیان تیادا ئەنجامدراوە.**

**ئاشکرایە دەوڵەت پەیوەندی بە شکۆمەندی مرۆڤەوە هەیە، چونکە دەوڵەت کار بۆ ئەوە دەکات سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەیەك لە ژێر چوارچێوەیەکی سیاسیدا کۆبکاتەوە، لەهەر جۆرە هەڕەشەیەك و دەستدرێژیەك بیانپارێزێت، تاك لە دەرەوەی دەوڵەتدا بوونێکی لاوازی هەیە، مرۆڤ کاتێك هەستی کرد کە خاوەنی دەوڵەتێکی عەقڵانی و هەقیە زیاتر هەست بە لێپرسراوی دەکات و شانازی بە هەموو شتێکی وڵاتەکەی خۆیەوە دەکات، بۆیە مرۆڤ زیاتر لە ناو دەوڵەتدا چارەنوسی دیارە و ئایندەی گەشە دەکات و پارێزراو دەبێت، ئەگەرنا مرۆڤ لە دۆخی بێ دەوڵەتیدا هەمیشە لەبەردەم هەڕەشە و**

**[٩٥]- دڵپاك جبار مەلا علی: س پ ، ل٥٧-٦١ .**

**[٩٦]-هەمان سەرچاوە، ل ٦١-٦٢ .**

**[٩٧]-بەرزان ئەحمەد کوردە : س پ ، ل٥٦ .**

**[٩٨]-محمد ئەمین زەکی بەگ: مێژووی کوردوکوردستان،چاپخانەی دار السلام، بغداد،١٩٣١،ل ٢١٩ .**

**[٩٩]-حسین حوزنی موکریانی: میرانی سۆران، س پ ، ل٧٤-٧٦.**

**[١٠٠]- د.کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملێو، س پ، ل ٣٧ .**

**ماڵوێرانی و دەربەدەریدایە و چارەنوس و ئایندەی نادیارە[101] .**

**لە مێژووی کورد دا ئەوە دەردەکەوێت کە بەکارهێنراوە وەك ئامرازێك[102]، بۆ نمونە ئەبو موسلیمی خوراسانی لە بانگەوازی عەباسیەکاندا دەوری گرنگی بینی کە زۆربەی سەرچاوەکان بە کوردی دادەنێن، ئەم کەسایەتیە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕوخانی ئەمەویەکان و سەرکەوتنی عەباسیەکاندا[103]، بەلاّم دوای ئەوەی کاریان پێی نەما تۆمەتباریان کردو لە ناویشیان برد.هەروەها کورد ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە سەرکەوتنی سەلجوقیەکاندا، بەسەر بێزەنتەکاندا لە شەڕی مەلازگەرد(١٠٧١)زاینیکە دەسەلاّتدراری کردەی عەباسیەکان بوون[104]. لە هەڵمەتی خاچ دروشمەکان بۆسەرخەلافەتی عەباسی، سەلاحەدینی ئەیوبی توانی شکست بە هەوڵی خاچ دروشمەکان بهێنێت، دیارە زۆربەی سەرکردە سەربازیەکانی سەلاحەدین کورد بوون[105]. هەروەها کورد دژی مەغۆلەکان جەنگی لەپاڵ مەمالیکەکاندا، بەلاّم ئەوەی سەیرترە بەشێك لە کوردەکانی سنوری فارسیش لەلایەن مەغۆلەکانەوە بەکاردەهێنران و بەشداریان لە هەڵمەتە کاولکاریەکانی مەغۆلەکانداکرد[106]. هەربۆیە کورد زۆربەی کات خاوەنی بڕیار و چارەنوسی خۆی نەبووە، بۆ وێنە ساڵی(١٨٣٠)کاتێك میر محمدی میری سۆران هێرشی کردە سەر سنوری دەوڵەتی قاجاری بۆ ناوچەکانی لایجان و مهاباد وسەردەشت و دەستی بەسەردا گرت، کاتێك هەواڵ گەیشتە فتح علی شای قاجار یەکسەر خوسرەوخانی میری ئەردەلاّنی لێهانداو ئەویش بێ بیرکردنەوە! پەلاماری میری ڕەواندوزیدا و لەو سنورە وەدەرینا، لیرەدا سەیری هەڵوێستی ئەم دوو سەرکردە بکرێت لە بری ئەوەی میری سۆران و ئەردەلاّن یەکبگرن و ناوچەکە ڕزگار بکەن، دەبینرێت خوسرەوخان وەك داردەستی شای قاجار بێ بیرکردنەوە پەلاماری سوپای سۆرانیدا، کاتێك لە ساڵی( ١٨٣١)محمودپاشا کە کوڕی عبدالرحمان پاشای بابان و جێنشینی بوو، لەتاو سلێمان پاشای برای هەڵدێت و هانا بۆ ئێران دەبات، بەپێی فەرمانی شای ئێران خوسرەوخان بە سوپایەکەوە پەلاماری قەڵمڕەوی عوسمانی ئەدات و محمودپاشا دەگەڕێنێتەوە میرایەتی بابان و سلێمان پاشا بەرەو بەغداد هەڵدێت، ئەم دووبارە کردنەوەیە نیشانمان دەدات خوسرەوخان ئامرازێکی دەستی شابووە و خۆی خاوەنی بڕیاری خۆی نەبووە ، ئەو گەمەیەکی میکانیکی بووە و ئاراستەکردنەکەی لای شای قاجار بووە[107].**

**عوسمانیەکان هەمیشە ویستویانە کوردەکان بدەن بەگژ یەکتیردا، ئەم سیاسەتە سوڵتانە تورکەکان هەموویان گرتویانەتەبەر، ئەوەش نەك هەر لەناو بنەماڵەی فەرمانڕوای میرەکاندا، بگرە لەناو خێڵ و هۆز و تیرە ڕەوەند و کۆچەرەکانیشدا هەمان کاریان کردوە و پاشا تورکەکان هەمیشە سەرگەرمی ئاژاوەنانەوە بوون لەناو بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردەکاندا و تۆوی دوبەرەکی و تیکبەردان و خۆخۆری و شەڕی براکوژی تیادا نێژاون، چونکە بەم سیاسەتە دەستیان بەسەر سەروەت و سامانیاندا گرتوە و ڕێگەیان لە بەهێز بوون پێشکەوتن و گەشەکردنیشیان گرتوە و نایان پەرژاوەتە سەر خۆیان[108].عەرەب و تورك و فارس هەمیشە کاریان لەسەر ئەمە کردووە و زۆرکات لە نێوان خۆیاندا کۆبونەتەوە بۆئەوەی میلەتی کورد توشی شەڕی براکوژی بکەن و سەربکەنە گیانی یەکتر تابەم جۆرە بەئاسانی بەسەریاندا سەربکەون و نەهێڵن ژمارەیان زۆر زیادبکات، کوردیش نەفامانە زۆرکات بوونەتە دوژمنی یەکتری بە فیتی بێگانە[109].عبدالرحمن پاشای کوڕی محمود پاشای بابان کە لەساڵی (١٧٨٨) بووە بە میری بابان کە میرێکی ئازا بووەو هەوڵێکی زۆری داوە بۆ سەربەخۆی، چەندین شەڕی لەگەڵ**

101– جوانرۆ مستەفا کریم: خیانەتکاران، بگ١،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١٨،ل ٥٠ .

102– د. کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ، ل ٣٢ .

103–جەمال نەبەز : کوردستان و شۆڕشەکەی، س پ ، ل٦٢ .

104– د.کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ، ٣٥- ٣٧ .

105–محمد ڕەسوڵ اوار: کوردوباکوری کوردستان، بگ١، س پ، ل٤٨٧ .

106– محمد ئەمین زەکی : مێژووی کوردوکوردستان ، س پ، ل١٥٣.

107–محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ، س پ، ل١١١-١١٢ .

108– کۆمەڵێك نوسەر:کورد وکوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە، و. شوکرمستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، ل٤٦.

109– مامۆستا فەتحولاّ احمد گەرەوانی: ڕەواندز(ناوچەی ڕەواندز دۆڵی ئاکۆ وگەرەوان)،سلێمانی،٢٠٠٦، ل٧٤ .

سوپای والی بەغداد دا کردووە و دوو شەڕیان لە دەربەندی بازیان بووە کە هەردووکیان شکستی هێناوە بەرامبەر ئۆردوی بەغدا بەهۆی ئەوەی خالید پاشای برای لەگەڵ والی بەغداد رێکەوتبوو[110]، خالد پاشا لە کاتێکی زۆر تەنگانەدا بەشێکی سوپای عبدلڕەحمان پاشای تەفرەدا و هێنانیە ناو لەشکری دوژمنەوە[111]. خزمە ناحەزەکانی میری بابان کە شارەزای ناوچەکە بوون ڕێگای نهێنیان پیشانی سوپای عوسمانیدا، ئەوکات سوپای عوسمانی لە پشتەوە ئابڵوقەی عبدالرحمن پاشایدا، ئەم دەردەی ناو بابان هێندە گران بووە هەتا میرەکانی بابان بەشەرمەوە باسیان لێوە کردوە[112]. واتە لەزۆربەی لەشکر کێشیەکانی عوسمانی و ئێران بۆ سەر میرنشینی بابان یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی بابان خیانەتی کردوە و یارمەتی سوپای داگیرکەرانیداوە.

کەواتە لە مێژوودا کورد یارمەتیدەرێکی باشی دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بوون، تەنانەت ڕوسەکانیش لە سەدەی نۆزدەدا چەندین شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا کردووە وهەوڵیانداوە سود لە کورد وەربگرن، بۆیە لە شەڕەکانیاندا هێزی چەکداریان لە کورد دروستکردووە دژ بە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران شەڕیان پێکردوەن[113]. سوڵتانەکانی تورك هەمیشە لە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکیدا بوون لە نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەوای جەزیرە، بۆیە ئەوانیش هەمیشە خەریکی سوینی شیر و تیر بوون لەیەکتر بە فیتی تورك[114]. بەگشتی مێژووی کورد لە سەدەکانی ڕابردودا، جولانەوەی ناوخۆی ناو بونیادی کۆمەلایەتی جلەوی مێژووەکەی نەکردوە، بونیادی ناوەکی و ململانێ ناوەکیەکان لە پەراوێزی نەخشە دەرەکیەکاندا بوون، واتە لەناو بونیادی کۆمەلایەتی

[110] –محمد ئەمین زەکی بەگ: مێژووی کوردوکوردستان، س پ، ل ٢١٧ .

[111] –هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٤ .

[112] –د. کاوس قەفتان : د. کاوس قەفتان :چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بغداد، چاپخانەی الحوادپ،١٩٨٥، ل ٣٦.

[113] –محمد ئەمین زەکی بەگ: مێژووی کورد وکوردستان، س پ، ل٢٣٩– ٢٤٠ .

[114] –محمد ڕەسوڵ هاوار : کوردوباکوری کوردستان، بگ ١، س پ، ل ٢٠١ .

کورد لێکترازانێك هەیە و لەگەڵ سەرهەڵدانی مەترسیە دەرەکیەکاندا و لەگەڵ گەورەبوونی هەڕەشەکاندا ئەو لەیەکدی ترازانە گەورەتر دەبێت و فاکتەرە دەرەکیەکان دەبن بەدیاریکەری مێژووی کورد، نەوەکو ململانیە ناوەکیەکان[115].

بەو جۆرە کورد بەدرێژای مێژوو ئیرادەی مرۆی و نەتەوەی لێزەوت کراوە و خۆی خودانی خاك سەروەری نەتەوەی و مێژووەکەی نەبووو، مێژووەکەی بە کلتوری و فکریشەوە وەك ولاتەکەی داگیر کراوە، هەربۆیە بە تەواوی مێژووەکەی نامۆکراوە و تراژیدیای داگیر کردن و کۆیلە کردن لێرەوە دەستی پێکردوە[116]. بۆیە مێژووی کورد هێزەکانی دەرەوە ڕاستەو خۆ یان نا ڕاستەخۆ خولقاندویانە، واتە ساتە گرنگەکانی ئەو مێژووە ساتی هەڕەشەکانی دەرەوەیە یان ساتی بە گەڕ کەوتنی دەرەوەیە لە ژێر دەمامکی جۆراو جۆردا، هەربۆیە مێژووی کورد ڕەنگدانەوەی کارکردنی بونیادی کۆمەلایەتی کوردی نیە، زۆرکات دوا وتە و دوا بڕیار بۆ هێزەکانی بێگانەیە، بەمانایەکی دیکە کورد خاوەنی مێژووی سروشتی خۆی نیە[117].

لەلایەکی ترەوە لە ناوخۆی یەك میرنشیندا، بنەماڵەی میر هەمیشە ناکۆك و دژ بەیەك بونە و تەنانەت زۆر جار کەسوکار و برا و مامی خۆیان بە کوشت داوە، عوسمانیەکان بیان زانیایە میرێك خەریکە بەهێز دەبێت و دەسەلاتەکەی فراوان دەکات، ئەوا کەسێکی نزیکی خۆیان لێ ڕاست دەکردەوە و هەردوکیانیان ئەدا بەشەڕدا بۆئەوەی نەپرژێنە سەر ڕاپەڕین دژ بە دەوڵەتی عوسمانی[118]. ئەمەش پێمان دەڵێت میرەکانی کوردستان زیاتر لەلایەن داگیرکەرانەوە ئاراستەکراون و خۆیان خاوەنی سەروەری تەواوی خۆیان نەبوون و هەرکاتێکیش میرەکان لە فەرمانی سوڵتانەکان یان والیەکان دەرچوبێتن ئەوا لە میرایەتی و دەسەلات دوور خراونەتەوە.

[115] –د.کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ، ل ٤٧–٤٨ .

[116] – د. ڕەفیق سابیر: بەرەو مێژووکورتە باسێکی فکری مێژووی ، سوید،١٩٩٠، ل١١ .

[117] – د.کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ ،ل ٥٥–٥٦ .

[118] –دڵپاك جبار مەلا علی : س پ، ل٨٧ .

بێگومان جوگرافیا ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەسەر کورد ئەوەی ئاشکرایە سروشتی کوردستان زۆربەی ناوچەی شاخاویە و ئەمەش وەك هەندێك لە بیرمەندان باسی دەکەن کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیان و سروشتی مرۆڤەکان بەگشتی. دیارە وەك (فیرنان برۆدێل) باسی دەکات ڕەوتی بە ژیاری بوون بەشێوەیەکی ڕووکەشی نەبێت ناچێتە ناو چیاکانەوە و تیایدا قوڵنابێتەوە. برۆدێل بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیە دەکات بەگشتی باس لە پەیوەندی کورد و ژیارەکان(بەهەموو ڕەگەزەکانیەوە) دەکات و دەڵێت:" لەنێو کۆمەڵگاکاندا (شار) و (ناوچە نزمەکان) ژیارەکان دروست دەکەن، چیاکانیش بەشێوەیەکی ڕووکەشانە نەبێت ناکەونە ژێر کاریگەری ژیارەکانەوە، چیاکان بەگشتی جیهانێکن لە پەراوێزی ئەو ژیارانەدا دەمێننەوە کە دروستکراوی شار و ناوچە نزمەکانن، ئەگەر سەیری ژیاری ڕۆمانی بکەین لە پێدەشتەکاندا سەرکەوتو بوو، بەڵام لە ناوچە شاخاویەکاندا بەپێچەوانەوەبۆ وێنە بەربەرەکانی باکوری ئەفریقا بەڕوکەشانە نەبێت موسوڵمان نین [119]. ئەم تیۆریە ئەوەمان لائاشکرا دەکات کە بە هۆی ئەوەی زۆربەی خاکی کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە بۆیە دانیشتوانەکەی بەهۆی ئەو بەربەستە سروشتیانەی کە شاخەکان دروستیان کردووە لێکدابڕاون و کەمتر بیر لەیەکگرتن و بەرژەوەندی نیشتمانی گشتی دەکەنەوە، بەڵکو زیاتر بە دواکەوتوی و دابڕاو لە گەشەکردن و ژیار بژین و مێژووەکەیشی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە تاو بدرێت زۆرێك لە سیاسیەکانمان لە خزمەت بێگانەدا دژ بە گەلەکەی خۆیان کاربکەن.

دووبەرەکی، خۆخۆری، ململانیە، ناکۆکی دەردی گەورەی مرێنەری نەتەوەی کوردە، کوردیش کەخاوەنی چەندین ڕۆشنبیری وەك ئەحمەدی خانی و شەرەف خان و حاجی قادر کۆیی و گەڵێك ڕۆشنبیری ترە، هەریەکەیان بە شێوازێك سکاڵا و گازندەیان لەو دەردە کردوە و چەندین بەرهەمیان لە بارەوە هۆنیوەتەوە و نوسەرانی بێگانەش وەك بەشێك لە کەسایەتی کورد باسیان لەم ڕەوشە کردوە [120].

تەوەری پێنجەم /نەخۆشی یان گرفتی دەرونی:

گرفتی دەرونی یەکێکی ترە لە هۆیەکانی ئەنجامدانی خیانەت لای هەندێ لە کەسانی کورد، بەهۆی ئەوەی میلەتی کورد لە ڕابردودا نەیتوانیوە ببێتەوە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی، بۆیە هەمیشە لە لایەن دەسەڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکەوە بەکارهێنراوە و توشی دەیان کارەسات و کوشت و کوشتار هاتوەتەوە، ئەمەش وایکردوە تاکی کوردی هەمیشە لە مەترسی و دوو دڵیدا بژێت و ئەو ڕوداوە ناخۆشانەی گەلانی بەهێزی ناوچەکە بەسەر کوردیاندا هێناوە وەك ترس و هەڕەشەیەکی گەورە هەمیشە لە نائاگایی تاکی کوردیدا ئامادەگی هەبێت، چونکە وەك پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێدەکەن مرۆڤ بەرهەمی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەتی و ئەو ڕووداوانەی بەسەریدا هاتووە کاریگەری دیار و بونیادی لەسەری دەبێت، چونکە تاکی کورد لەسەر خاك و نیشتمانی خۆی نامۆ کراوە، بۆیە نامۆبون وترس وەك دوو گرفتی دەرونی دانەبڕاو لە ژیانی تاکی کورد کاریگەری هەبووە و دەبێت لەسەر مێژووی کورد .

یەکێك لە هۆکارەکانی گرفتی دەرونی، بەهۆی ژیانی کۆمەڵگە و ئەو کەشە کۆمەڵایەتیەی کە ئەو تاکە خۆی تیادا دەبینێتەوە،دەبێتە هۆکارێك بۆ نەخۆشی یان گرفتی دەرونی.دیارە ترس بوونێك یان دۆخێکی ناخۆشی نەویستراوە، لە کاتێکدا کە مرۆڤ هەست بەبوونی هەڕەشەیەك بکات ئەو ترسەی لێدەردەکەوێت، بۆیە ترس وەك ئاگادار کردنەوەیەك لەکاتی هەڕەشەدا سروشتیەن لە مرۆڤدا دەردەکەوێت بۆئەوەی خۆی بۆ حاڵەتی نەخوازراو مەترسیدار ئامادە بکات، ئاشکرایە ترس ئەگەر ڕێژەکەی کەم بوو ئەوە حالەتێکی سروشتی و هۆشیاریە، بەڵام ئەگەر ترس ڕێژەکەی زۆر بەرز بوویەوە ئەوکات دەبێتە ئاستەنگ و ڕێگر لەبەردەم بیرکردنەوەی دروستی مرۆڤ و ئاراستەی ژیانی مرۆڤ

[119]–د.کامەران محمد : کورد بونیادێکی نەخەملێو، س پ ، ل٩٦– ٩٧ .

[120]– نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردوعەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران،سەنتەری ستراتیژی کوردستان، چ٣، سلێمانی،٢٠٠٥، ل١٨٨–١٨٩.

دەشێوێنێت[121] . ترس فاکتەرێکی ئەنجامدانی کاری هەڵە و ناپاکی بێت لای هەندێك کەسایەتی کورد، چونکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد کورد زۆربەی کات توشی کوشتار ومالوێرانی هاتوەتەوە بە دەست گەلانی ناوچەکەوە. هەر ئەوەش وا لە محمود پاشای بابان ئەکات لە وەڵامی پرسیارێکی گەڕیدەیەکی وەك ( کلاودیوس جەیمس ڕیچ)ی ئینگلیزیدا لە ساڵی (١٨٢٠) کاتێك پرسیاری لێکردوە بۆچی ئێوە خاوەنی کۆشك و تەلاری گەورە و جوان نین و لە خانویەکی وا ڕوخاودا دەژین؟ ئەویش لە وەڵامدا بڵێت: ئێمە ڕۆژێك عوسمانی و ڕۆژێك ئێران ئەدەن بەسەرماندا و تالآنمان دەکەن خانوەکانمان کاول دەکەن ئیتر کێ جێگایەك چاك دەکاتەوە ئەگەر بزانێت تیایدا ناحەسێتەوە؟[122] . چونکە زۆرجار توشی ئەو حاڵەتە هاتبوون. ئەو وەڵامەی محمود پاشای بابان نیشانی داوە سەردارانی کورد وتەنانەت کەسانی ئاسایش هەمیشە لە مەترسی و هەڕەشەدا ژیاون. هەربۆیە هەموو کارێکیان کردوە تا خۆیان لەو مەترسی و نەهامەتیە بەردەوامانە ڕزگار بکەن.

هەر ئەم گرفتە دەروونیەش بووە وای لە یەزدان شێر کردوە کە هەستێت بە ئەنجامدانی خیانەت. هەروەك کوردناسێکی ڕوسی وەك (لازاریف) لە وەسفی یەزدان شێردا بڵێت:" یەزدان شێر کەسایەتیەکی دژواری هەبووە لەلایەکەوە پشتی کردوەتە میری بۆتان و چووەتە پاڵ سوپای عوسمانی و لە پشتەوە پەلاماری بەدرخانی مامی داوە، یەزدان شێر کەسێکی ڕاڕا بووە لە مامەڵەی سیاسیدا و خاوەنی مەبدەئێکی جێگر نەبووە و ئامادەی دەست تێکەڵاوی هەبووە لەگەڵ دەسەڵاتداران، لەلایەکی ترەوە کەسێکی نیشتمان پەروەر بووە و هەوڵی داوە نیشتمانەکەی لە داگیرکەران ڕزگار بکات، بەڵام ئەو ڕاڕای و سادە و ساکاریەشی وایکرد بە ئاسانی ئینگلیز و تورکەکان بیخەڵەتێنن"[123] . یەزدان شێر هەر ئەو ترسە وای لێکردوە پشت بکاتە بەدرخان کە زانیوێتی عوسمانیەکان لە کۆتایدا هەربەسەر بەدرخاندا سەردەکەون وەك چۆن بەسەر میری ڕەواندوزدا سەرکەوتن، ئەمیش ویستبێتی بۆ خۆی شتێك بکات و تورکەکان بیکەنە فەرمانڕەوای جەزیرە و بۆتان لە بری مامی[124]. ئەگەر لە سیفاتی یەزدان شێر ورد بیتەوە ئەم ترس و گرفتە دەرونیەی تیادەبینرێت، چونکە ئەو ڕۆژێك سەرکردەیەکی سەربازی میری بۆتان بوو، ڕۆژێکی تر ناپاکی لە میرنشینەکەدەکرد و دەستی لەگەڵ سوپای عوسمانی تێکەڵ کرد، ڕۆژێکی تر لە بواری سەربازیدا خزمەتی عوسمانی دەکرد، لە کۆتایشدا سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی کرد دژی دەوڵەتی عوسمانی.

هەروەك ئاماژەی پێکرا کورد بەدرێژای مێژوو ژێردەستە بووە، ئەمەش (نامۆبونی[125] ) کوردی لێکەوتوەتەوە، وەك گرفتێکی دەرونی، چونکە خاکی کوردستان بووەتە شانۆی پێکدادانی زۆرینەی دەوڵەتەکان، هەمیشە فراوانخوازیان بەرەو کوردستان کردوە، ئەو زلهێزانە کوردستانیان کردوەتە گۆڕەپانی خۆیان، تەنانەت پێش ئیسلامیش کوردستان شانۆی ململانیەی(ئێرانی- گریکی، ئێرانی ڕۆمانی) بووە، کاتێکیش ئیسلام هات کوردستان بووەتە ڕێگای بلآو کردنەوەی ئیسلام و دواتریش لەگەڵ دەرکەوتن و فراوانخوازیەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران( سەفەوی، ئەفشار، زەند، قاجار) بۆ ماوەی پێنج سەدە پێکداداان و ناکۆکیان بوو، کە نزیکەی بیست وچوار جەنگ لە نێوانیاندا ڕویداوە لە دوای جەنگی چاڵدیران(١٥١٤ز) زۆربەی ئەم جەنگانە دیسانەوە گۆڕەپانەکەی کوردستان بووە، بۆیە

---

[121]- ئازاد قەزاز: ترس و خەمۆکی ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٤-١٥ . □

[122]- س پ، ل١٠٤.□

[123]- س پ، ل ٢٢١-٢٢٣□

[124]- محمد ڕەسوڵ هاوار: کوردوباکوری کوردستان،بگ١،س پ،ل٢٨٧-٢٨٨ . □

[125]- ووشەی (نامۆبوونی) کوردی بەرامبەر وشەی(الاغتراب) عەرەبی و(□□□□□□□□□) ئینگلیزی بەکارهاتووە، نامۆبوون ئەو دۆخەیە کە والە مرۆڤ دەکات کە خۆی نەبێتە چەقی جیهانەکەی خۆی و وەك دروستکەری کردارو هەستەکانی خۆی ژیان نەگوزەرێنێت، واتە دەستە وەستان بێت لەوشوێنەی کە پێویستە مرۆڤ لە ژیاندا بۆ خۆی داگیری بکات و هەست بەشوێن کەوتەی یانپەیوەندیدارێتی بۆ کەسێکی تر یان دەستەیەکی تر بکات.( بۆزانیاری زیاتر بڕوانە د.کامەران محمد: کورد بونیادێکی نەخەملیو، س پ، ل١٠٣-١٣٣)□

ئەم مێژووە بەردەوام نامۆبونی بۆ گەلی کورد بەرهەم هێناوە.[١٢٦]

ئەمانەش وادەکات بوترێت نامۆبوون وەك چەمکێکی فرە واتاو فرە ڕەهەند ڕۆڵی گەورەی لە بەدیهێنانی کێشە گەلێکی قولی(وجودی) سەبارەت بە مرۆۋ گێڕاوە و مرۆڤی کوردی لە خۆ دامالیوە و هەستکردن بە کۆیلایەتی و تێکشکان و لاوازی و دەستەوەستان بوون لە بڕیارداندا و گۆشەگیری و شێواندنی گونجاندنی کۆمەڵایەتی و پەرتکردن و ملکەچپێکردنی لەناخیدا چاندووە[١٢٧] .هەربۆیە کاتێك هێزگەلێکی دەرەکی نامۆ دێن دەست بەسەر نیشتمانێکدا دەگرنوەك موڵکی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، خەڵکەکەی دەکەنە کۆیلە، ئەمەش نامۆبونی کوردی لێکەوتوەتەوە[١٢٨] .نامۆبون وەك دەردێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی وادەکات مرۆۋ وون ببێت و ئازادیەکانی خۆی لەدەست بدات و شکۆ و گەورەی خۆی فەرامۆش بکات وشەرم لە درکاندنی ڕەسەنێتی خۆی بکات، بۆیە ئاساییە لە هارکاتێکدا بێت هەموو کارێك دژ بە بنەڕەتەکەی خۆی ئەنجام بدات . تەنانەت کەسی نامۆ وەك ئامرازێك لە لایەن دوژمنەکانیەوە بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت، ئەویش چێژ لە چەوساندنەوە و ژێردەستەی وەردەگرێت، هاوکات خۆشحاڵیشە گەورەکانی بیچەوسێننەوە[١٢٩] . بۆیە ئەم ژێر دەستەیە بەردەوامیەی کورد وایکردوە میلەتی کورد لەناو خاك و نیشتمانەکەی خۆیشیدا وەك نامۆیەك مامەڵە بکات و توشی دەردی دەرونی ببێتەوە، داگیرکەرانیش هەمیشە هەوڵیانداوە تاکی کورد ئینتیمای نیشتمانی بۆ ئەوان دروست ببێت نەك بۆ نیشتمان و گەلی خۆی، هەر ئەم ژێر دەستەیەش وایکردوە هەمیشە سیاسیەکانی کورد خۆیان بە داگیر کەرانەوە ببەستنەوە و خۆیان خاوەنی بڕیار و چارەنوسی دیاری کراوی خۆیان نەبن و بەڵکو وەکو ئامێرێك دەستی داگیرکەران بن و بۆ خزمەتی ئەوان بەکاربهێنرێن، ئەمەش وایکردوە توشی ئەنجامدانی خیانەت ببنەوە.

## ئەنجام

١-خیانەت یەکێکە لەدەردە کوشندەکانی ناو مێژووی گەلی کورد کە لەزۆربەی قۆناغەکاندا دووبارە بووەتەوە و بووتە خۆرەی زۆربەی ڕاپەڕینەکانی کورد بەگشتی و بەتایبەت سەدەی نۆزدەیەم.

٢-سەرکردەکانی کورد لە ڕابردودا هۆشیاری سیاسیان کەمبووە و نەیان توانیووە ئەزموون لە مێژوو وەربگرن و نەکەونە هەڵەی ئەوانەی پێش خۆیانەوە، واتە سەرانی کورد زۆربەی کات ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری دانیان بەیەکتردا نەناوە، بۆ شکاندنی ملی یەکتری زۆرجار پەنایان بردوەتە بەر پەلکێش کردنی داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەر یەکتری.

٣-ئاین و ناهۆشیاری ئاینی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەندێك لە کەسایەتی کورد خیانەتی نیشتمانی ئەنجام بدات، دیارە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی فرە ئاین وفرە مەزهەب بووە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ دروست بوونی جیاوازی و نەبوونی یەکێتی لە نێوانیاندا، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم جیاوازیە دینیە زۆرکات هۆکاری نزیك بوونەوەی بەشێك لە کورد بووە لە داگیرکەران.

٤- بەهۆی ئەوەی زۆربەی تاکی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕابردودا خێڵەکی بووە و سەرانی کوردیش هەڵگری عەقڵی خێڵ بوون، هەروەها خێڵەکانیش زۆربەیان دوژمن و ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری و دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کەوتون، بۆیە لەکاتی ڕاپەڕینەکانی کورد دا هەرکاتێك بەرژەوەندیەکانی خۆیان کەوتوەتە مەترسیەوە ئەوا پشتیان کردوەتە ڕاپەڕینەکان و داویانەتە پاڵ داگیرکەران و بەوەش ناپاکیان ئەنجامداوە، چونکە لای تاکی خێڵەکی بەرژەوەندیەکانی خێڵ لە پێش تەواوی بەرژەوەندیەکانی ترەوەیە، واتە ڕێزی سامانی نیشتمانی نازانن و بگرە پێیشی ئاشنانین .

٥- بەهۆی ئەوەی گەلی کورد بەدرێژای مێژوو ژێردەستە بووە، جگە لەماوەی دەوڵەتی ماد هیچ کاتێك کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبووە، ئەم ژێردەستەیە کاریگەری بونیادی لەسەر مرۆڤی کورد دروستکردوە، واتە نەبوونی دەوڵەت بووەتە هۆی بارگاوی بوونی تاکی کورد بە کلتور و فەرهەنگی داگیرکەران،

---

[١٢٦] د. کامەران محمد: کورد بونیادێکی نەخەملێو، س پ، ل١٠٨-١٠٩

[١٢٧]- هەمان سەرچاوە، ل١٠٣ .

[١٢٨]- هەمان سەرچاوە ، ل ١١٣

[١٢٩]- هەمان سەرچاوە، ل١٣٢-١٣٣

دروست بوونی تاکێکی دەرون نەخۆش و کۆمەڵگەیەکی ناکامڵ.

٦-مێژووی کورد زۆرکات لە لایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە ئاراستە کراوە و لە پێناو بەرژەوەندی ئەواندا زۆرێك لە ڕووداوەکان ڕویانداوە، سەرکردەکانی کورد وەکو ئامرازێك لە لایەن داگیرکەرانەوە دانراون و لابراون، بەمانایەکی دیکە گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی سروشتی خۆی نیە کە خۆی سەرجەم لایەنەکانی دروست کردبێت، چونکە زۆربەی کات فاکتەرە دەرەکیەکان دیاری کەری مێژووی کورد بوون، هەربۆیە لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی کورددا هەمیشە لێکترازانێك هەبووە، کە پەیوەست بووە بە مەبەستەکانی دەرەوە.

**لیستی سەرچاوەکان :**

یەکەم/ کتێبە کوردیەکان :


١. ئارام علی سعید: دۆزی کوردلە نێوان بیری نەتەوەی و ئاینیدا، پرۆژەی تیشك، ٢٠٠٩.
٢. ئەحمەد مەحمود خەلیل( دکتۆر): مەملەکەتی ماد، و. حمە سعید کەلاری، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.
٣. ئازاد قەزاز: ترس و خەمۆکی ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤. بێ ناوی نوسەر :کوردوکوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە، و. شوکر مستەفا، چاپخانەی ئاراز، هەولێر، ٢٠١٠.
٥. بەرزان ئەحمەد کوردە: کورد و دەوڵەت(هۆکارەکانی دروستە نەبوونی دەوڵەتی کوردی)، سلێمانی ،٢٠١١ .
٦. جەلیلی جەلیلی : ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، و د. کاوس قەفتان، چاپخانە زەمان، ١٩٨٧، بغداد.
٧. جمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و.کوردۆ، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٧.
٨. جوانرۆ مستەفا کریم: خیانەتکاران، بگ١،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١٨.
٩. حسن علی خان گەڕوسی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاریدا،و. محمد حمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧
١٠. حسن محمود حمەکریم: مەلائیدریسی بەدلیسی و ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا،چاپخانەی چوارچرا،٢٠٠٨.
١١. حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بگ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩ .
١٢. خاڵفین: خەبات لەڕێی کوردستاندا، و. جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
١٣. بلەج شێرکۆ(دکتۆر): کێشەی لە مێژینە و ئێستای کورد، و. محمد حمە باقی، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ب ش چ، ١٩٨٦.
١٤. جەلیلی جەلیلی (دکتۆر) : کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، و. د. کاوس قەفتان ، بغداد، ١٩٨٧.
١٥. ڕەفیق سابیر(دکتۆر) : بەرەو مێژووکورتە باسێکی فکری مێژووی ، سوید،١٩٩٠.
١٦. ڕەفیق سابیر(دکتۆر): کوولتور و ناسیۆنالیزم، چاپخانەی تیشك، چ٣،سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٧. ڕەفیق سابیر(دکتۆر) : ئیمپراتۆریای لم، چاپخانەی تاران، چ٣، ٢٠١٤ .
١٨. عبدارحمن قاسملۆ(دکتۆر): کوردستان و کورد،و. عبدلا حسن زادە، چاپخانەی کتێبی ئەرزان،سوید، ١٩٧٣.
١٩. عەبدولا دارتاش (دکتۆر): مێژوی بنەچەی کورد، هەولێر،٢٠١٧ .
٢٠. عەبدولای ئاوریشمی(دکتۆر) : عەبدولا ئۆج ئالان و مەسەلەی کورد لەخۆرهەڵاتی ناوین، و..سیدۆ داود علی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی،٢٠١١
٢١. کامەران محمد(دکتۆر) : کورد بونیادێکی نەخەملیو،چاپخانەی تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٢٢. د. کاوس قەفتان : چەند لێکۆڵینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بغداد، چاپخانەی الحوادپ،١٩٨٥.

٢٣. نەجاتی عەبدوڵا(دکتۆر) : کوردوکوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی فەرەنساو بەریتانیادا١٨٧٩-١٩٦٣، بگ١، هەولێر، ٢٠١٨.

٢٤. یاسین سەردەشتی(دکتۆر): میر عوسمان پاشا بەدرخان(دوو تەقەلا لەپێناو ژیانەوەی میرنشینی بۆتان و دامەزراندنی دەوڵەتی دەستوری سەربەخۆی کوردستان)، سلێمانی،٢٠٢٠.

٢٥. دڵپاك جبار مەلا علی: هۆکارەکانی دروست نە بوونی دەوڵەتی کوردی،چاپخانەی کمال، ب ش چ، ٢٠١٢.

٢٦. دیڤد ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و ئەبوبکر خۆشناو، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٧. ژان باتیستان فرانسوا پوژولا:گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، و د. نەجاتی عەبدوڵا، چاپخخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٨. ژیرارچالیاند، کەندالْ نەزان، عبدالرحمن قاسملۆ، عصمت شریف وانلی، مستەفا نازدا، ئارچی ڕۆزفێڵت، کامران قەرەداغی، ئەلیزا مارکۆس، پیرفریلیمك: گەلێکی پەژمورد ونیشتمانێکی پەرت، و. م. گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.

٢٩. سەعید مەموزینی: ساسەت گەمەیەکی بەردەوام، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠ .

٣٠. سعد بەشیر ئەسکەندەر: سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لەکوردستان،و. جەوهەر کرمانج، چ٢،سلێمانی،٢٠٠٩.

٣١. سۆفیا ئیزابێلا وانج: پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و. د یاسین سەردەشتی ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٢. سینان هاکان: کورد و بەرخوردانەکانی لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا(١٨١٧-١٨٦٧)، و. بەکر شوانی، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر. ٢٠١٢.

٣٣. شەرەفخانی بەدلسیی: شەرەفنامە، و. هەژار موکریانی، چ٣، دەزگای چاپ و بلاْو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٤. گۆران سەلام: کاریگەری خێڵ و ئاین لە سەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی، لەنێوان سالانی ١٨٤٧-١٨٨١، چاپخانەی کەمال، هەولێر، ٢٠١٤.

٣٥. کلاودیوس جەیمس ڕیچ: گەشتنامەی ڕیچ بۆ کووردستان ١٨٢٠، و. محمد حمە باقی، بگ١، هەولێر، ٢٠١٢ .

٣٦. کۆمەڵێك نوسەر:کورد وکوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاواییەوە، و. شوکرمستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

٣٧. م. س لازاریف: مێژووی کوردستان، و. هوشیار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەلاْت، ب ژ چ، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٨. مارتن ڤان برۆنەسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت،و. کوردۆ علی، بگ١، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٣٩. مارتین ڤان برنەسن : ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ علی، بگ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤٠. مەریوان وریا قانع: فکرودنیا، بگ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣ .

٤١. محمد حمە باقی: میرنشینی ئەردەڵان و بابان و سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا(١٧٩٩-١٨٤٧) ، هەولێر، ٢٠٠٢.

٤٢. محمد ڕەسولْ هاوار: کوردوباکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووە تا شەڕی دووەمی جیهانی، بگ١، سلێمانی، چاپخانەی خاك، ٢٠٠٠.

٤٣. محمد فەریق حسن: مێنتەڵێتی خێڵ، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤٤. محمد ئەمین زەکی : مێژووی کوردوکوردستان، چاپخانەی دار السلام، بغداد، ١٩٣١.

٤٥. نازناز محمدعبدالقادر: میرنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەلآت، لە سەردەمی فەرمانڕەوای قاجارەکاندا، هەولێر، ٢٠٠٢.

٤٦. نەجم عەبدولاّ محمد: عەشرەتگەری و خێلٚ گەری جەمسەری دژی دەولّەتی مۆدێرن، سلێمانی،٢٠٠٥.

٤٧. – نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردوعەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران،سەنتەری ستراتیژی کوردستان، چ٣،سلێمانی،٢٠٠٥ .

٤٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین:بەدەم ڕێگاوە گولّچنین مێژووی سیاسی(میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا) ،کتێبی سێیەم، بەرگی یەکەم، الدار العربیه للعلوم–ناشرون، لبنان، ٢٠١٤.

دووەم/ کتێبی عەرەبی

١. عبدالرحمن ابن خلدون: تاريخ العلامه ابن خلدون، كتاب العبر وديوان المبتدأ و الخبر، ج١، دار الكتاب المصرى، القاهره، ١٩٩٩.

سێیەم / سەرچاوەی گۆڤارەکان

٤٩. د.کامەران محمد:پەیوەندی کورد و ئیسلام(ڕامان لە موسولّمان بوونی کورد)، گۆڤاری خالّ،ژ٣، چاپخانەی سەردەم، شوباتی ٢٠١٦.

٥٠. – کامەران محمد:ڕامانێك لە سیستەمی خێلاّیەتی لە کوردستاندا، گۆڤاری نوێبوون، ژ٣، مەلّبەندی ڕێکخستنی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨.


**الملخص:**


خيانة الوطن او خيانة الكبرى مع ان لها العديد من التعارف لكن يمكن تعريفها بشكل أوسع على انها مد يد الغرباء الى داخل البلاد وتعرف على انها تزويد العدو بمعلومات البلاد السرية او بمعنى آخر التنصل أو مخالفة الوعد والعهود التي اعطيت. الخيانة هى الجريمة بسببة تفع البلاد الشعب فى اخطار .

اذا اطلعنا الى تأريخ الشعب الكوردى نلاحظ ان خيانة الوطن في اغلب مراحل التأريخ تتكرر، هذه الخيانات كانت السبب في أنهيار أكثر انتفاضات الكورد والأضرار الكبيرة التي لحقت بالشعب الكوردي حتى أصبحت نوعآ ما من الأسباب التي أدت الى فشل أكثر انتفاضات الكورد.

من الملاحظ ان هناك العديد من الأسباب التي أدت الى اللجوء الى مثل هذا الآتام. هناك من الأسباب التى كانت وراء نشوء مثل هذه الظاهرة داخل القومية الكوردية. من الأسباب الرئيسة لظهور هذه الظاهرة هي العقلية العشائرية للفرد الكوردى، لأن عقلية الأنسان العشائري تكمن في ان مصلحة العشيرة قبل كل المصالح أخرى، وسبب آخر في ظهور هذه انطهارة هو عدم وجود الوعي السياسى بين الكورد لأنهم دائما على خلاف وغير متفاهمين مع بعضهم البعض وهم على الدوام يضعون نصب اعيونهم مصالحهم الخاصة قبل كل الأخرى. من جهة أخرى عدم وجود دولة وكيان خاص الكورد كان السبب في ان تكوين المجتمع الكوردي واجه الكثير من المشاكل والعقبات وكذلك عدم تكوين تأريخ طبيعي ألكورد بشكل كانت القوى الخارجية هي المحرك لأغلب اطراف تأريخ الكورد لذلك فأن الكورد على الدوام كانت الدول المحتلة نستحدم الكورد لتحقيق اغراضها و مراميها. المحتل كان السبب في جعل الفرد الكوردي ينظر الى بلاده كوطن للقومية الكوردية بمنظار ظعيف. هذه التبيعة للمحتل جعلت من الأنسان الكوردي دائما يتعرض الى رؤية كونة الكورد حال الأغتراب على ارضه. من جهة اخرى وسبب كون الأكراد في أغلب الأوقات كانو أتباع للمحتل والمحتل دفعهم الى المئات من الحروب وقتلهم بسبب الحروب هذه الأسباب كانت نتيجة لحدوث مشاكل نفسية لهم هذه الأسباب جميعها كانت عاملا لجعل الفرد الكوردي يلتجأ الى الخيانة مع أو طانهم.

الذي يميز خيانة الكورد عن خيانة القوميات الأخرى هو ان بعضهم عاود اللجوء الى الأنتفاضة ضد المحتل اي انهم أجعو قيادات لنضال الكورد هذا اضافة الى انه من العجيب ان الأكراد في الماضي لم يعاقبو أو يحاسبو خونتهم. من المحتل ان هذا السبب هو الذي أدى الى اعادة هذه مثل الجريمة في ذات الوقت أن شعوب العالم الآخرى يتم محاسبتهم .

Abstract:

Betrayal of the homeland or major treason, although it has many definitions, but it can be defined more broadly as the extension of strangers into the country, and it is defined as providing the enemy with the country's secret information, or in other words, repudiation or violation of promises and covenants that were given. Treason is the crime because it puts countries and peoples in danger.

If we look at the history of the Kurdish people, we will notice that the betrayal of the homeland in most stages of history is repeated. These betrayals were the reason for the collapse of most of the Kurdish uprisings and the great harm inflicted on the Kurdish people until they became somewhat of the reasons that led to the failure of most of the Kurdish uprisings

It is a mistake that there are many reasons that led to resorting to such atams, there are reasons that were behind the emergence of such a phenomenon within the Kurds. One of the main reasons for the emergence of this antagonism is the tribal mentality of the Kurdish individual, because the mentality of the tribal man lies in the fact that the interest of the clan precedes all other interests, and another reason for the emergence of this antagonism is the lack of political awareness among the Kurds because they are always at odds and do not understand each other and they are on They always put their own interests above all others.

On the other hand, the absence of a state and entity for the Kurds was the reason that the formation of the Kurdish society faced many problems and obstacles, as well as the lack of a natural history of the Kurds in a way that external forces were the engine for most of the parties to the history of the Kurds. Its goals, the occupier, was the reason for making the Kurdish individual look at his country as a homeland for Kurdish nationalism through a weak lens. This allegiance to the occupier made the Kurdish person always exposed to seeing the Kurds as a Western state on his land On the other hand, the reason that the Kurds were most of the time followers of the occupier and the occupier pushed them into hundreds of wars and killed them because of the wars. These reasons were the result of psychological problems for them. These reasons were all a factor in making the Kurdish individual resort to treason with their homelands.

What distinguishes the betrayal of the Kurds from the betrayal of other nationalities is that some of them have resorted to the uprising against the occupier, meaning that they are the most successful leaders of this Kurdish struggle. In addition, it is surprising that the Kurds in the past did not punish or hold their traitors accountable. This crime at the same time that the other peoples of the world, traitors, do not ignite amnesty, and they must be held accountable.